خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5694) پێنج شەممە 14ی شوبات 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزارەتی پێشمەرگە: تا ئێستا هیچ جۆرە ژوور و لیژنەیەکی ئۆپەراسیۆن لە کەرکووک پێکنەهێنراوە

دوێنێ چوارشەممە 2019/2/13 وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی بانگەشەی چەند کەناڵ و مالپەڕێک سەبارەت بە پێکهێنانی ژوورێکی ئۆپەراسیۆن لە کەرکووک بڵاو کردەوەو تیایدا سەرلەبەری ئەم جۆرە زانیاری و هەواڵانە ڕەت دەکاتەوە. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

لە چەند کەناڵ و مالپەڕێکی میدیادا هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە دەربارەی دروستبوونی ژوورێکی ئۆپەراسیۆن لە کەرکووک و ئاماژە بە چەند ناوێک دراوە گوایە بەرپرس و جێگری ئەم ژوورە ئۆپەراسیۆنەن. ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە سەر لە بەری ئەمجۆرە زانیاری و هەواڵانە ڕەت دەکەینەوە و ڕایدەگەیەنین تا ئێستا هیچ جۆرە ژوور و لیژنەیەکی لەمجۆرە پێکنەهێنراوە.

وەزارەتی پێشمەرگە
2018/2/13



عادل عەبدولمەهدی: دیداری گرنگمان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامداوە

میکانزمی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنی لەسەر هەیە



عارف تەیفوور بۆ خەبات:
بەشداریکردنی گۆڕان لە کابینەی نوێی حکوومەت بە کارێکی باش دەزانین



یونیسێف: منداڵانی عێراق ڕووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە



فەرماندەیەکی پێشمەرگە بۆ خەبات:
چەکدارانی حەشدی عەشایەری لە سنووری کەرکووک پێشتر داعش بوونە

هەولێر... کرێنشینانی گوندی کۆری داوای قەرەبووکردنەوە و دیاریکردنی چارەنووسیان دەکەن

زیاتر لەلاپەرە 8 بخوێنەوە



پۆمپیۆ بانگەوازی لە ئەورووپا کرد گازی سروشتیی لە ڕووسیا نەکڕن

هەر هاووڵاتییەک چەکی سووکی لە ماڵەوە هەبێ و لە میانی شەش مانگدا تۆماری نەکات دەستی بەسەردا دەگیرێت

عێراق.. هەموارکردنەوەی یاسای دەستبەسەرداگرتنی سامانی ڕژێمی سەدام

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕەزامەندیی نیشاندا لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی گواستراوە و نەگواستراوی سەرانی ڕژێمی پێشوو، سەدام حوسێن. لە ڕاگەیەندراوێکدا نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی بڵاویکردەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا، ڕەزامەندیی نیشاندا لەسەر پرۆژەی یاسای هەموارکردنەوەی یەکەم بۆ یاسای دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی گواستراوە و نەگواستراوی سەرانی ڕژێمی پێشوو بە ژمارە 72 بۆ ساڵی 2017بەپێی ڕاگەیەندراوەکە دوای نیشاندانی ڕەزامەندییەکە، هەموارکردنەوەی یاساکە ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت و وەک یاسایەکی نوێ جێبەجێ بکرێت. لە ڕاگەیەندراوەکە وردەکاری زیاتر لەبارەی هەموارکردنەوەکە نەخراوەتەڕوو، بەتایبەتیش بەپێی یاساکەی ئێستا دەست بەسەر سامانەکانی سەرانی ڕژێمی پێشووتردا، گیراوە. جێی باسە لە مانگی ئاداری ساڵی 2018دا، دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەریی عێراق داوای لە حکوومەتی عێراق کردبوو کە دەست بەسەر سامانی چوار هەزار و 257 کەس لە سەرکردەکانی بەعسی هەڵوەشاوە و کەسوکارەکانیان تا پلە دوو لەسەرووییانە سامانی سەدام حوسێندا بگرێت.



باکووری کوردستان.. بەدلیس بەفربارین



نزیکەی ملیۆنێک و نیو ئاوارە و پەنابەر هێشتا لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە

2

ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستان

13

پێشمەرگەی هەولێر و دهۆک ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە



هەولێر... دووەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی پسپۆڕییە ئەندازیارییەکان بەڕێوەچوو

نزیکەی ملیۆنێک و نیو ئاوارە و پەنابەر هێشتا لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە

لە 50٪ی ئاوارە و پەنابەران لە هەولێر نیشتەجێن و لە 31٪ لە دهۆک و لە 19٪ش لە سلێمانی دەژین



کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سەدا 25ی پێداویستییە فریاگوزارییەکان بۆ ئاوارە و پەنابەرانیان دابین کردووە

لە ساڵی 2018 لە کۆی نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار ئاوارەی ناوخۆیی عێراق و پەنابەری سووریای نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، تەنیا 32 هەزار کەس بۆ شوێنی خۆیان گەڕاونەتەوە، یان بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە. هۆشەنگ محەمەد بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە: بەهۆی بەردەوامبوونی ناسەقامگیری، بەردەوامبوونی چالاکیی تیرۆرستی و نەبوونی خزمەتگوزاری لە ناوچە ئازادکراوەکان لە عێراق و شەڕ و ئاڵۆزی لە سووریا، پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەران زۆر کەمبووە و تەنها 27671 ئاوارە و 4380 پەنابەری سووریا لە ساڵی 2018 هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە.

دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکان

بە پێی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، "سیاسەتی مرۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئاوارە وپەنابەران، دابینکردنی ئاسایش و پاراستن و خزمەتگوزارییەکان و پێدانی مۆڵەتی خوێندن و هەلی کارە بۆ ئاوارە و پەنابەران بەبێ جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی، بیروباوەڕی سیاسی، مەزهەبی".

ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان

لە ساڵی 2018 هاتنی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە. لەو ساڵەدا 28487 ئاوارە کە زۆربەیان لە پارێزگای نەینەوا و 3795 پەنابەر لە سووریا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. هۆشەنگ محەمەد لە بارەی ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان گوتی: سەرەڕای راگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە عێراق، هێشتا 1411532 کەس، لەوانە 1127400 ئاوارە و249639 پەنابەری سووریا لە هەرێمی کوردستان ماون.

سەدا 79ی ئاوارەکان لە شارەکانی هەرێم نیشتەجێن

گوتیشی، لە سەدا 79ی ئاوارەکان لە شارەکانی هەرێم نیشتەجێن و لە سەدا 21یش لە 29 کەمپ نیشتەجێ کراون. لە سەدا 69ی پەنابەرانی سووریاش لە شارەکانی هەرێم دەژین و لە سەدا 37یش لە 9 کەمپ نیشتەجێ کراون، کە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەم شێوەیە دابەشکراون: لە سەدا 50 ئاوارە و پەنابەران لە هەولێر نیشتەجێن، لە سەدا 31 لە دهۆک و لە سەدا 19 لە سلێمانی دەژین. لە رووی ئایینی و نەتەوەیی، لە سەدا 40ی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان عەربی سوننەن، لە سەدا 30 کوردی ئێزدی، لە سەدا13 کوردی موسڵمان و لەسەدا 7 مەسیحی و لە سەدا 10 شیعە و کوردی شەبەک و تورکمان و ئەرمەنن.

خەرجیی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ئاوارە و پەنابەران

بە وتەی بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، ژمارەیەکی یەکجار کەم لە ئاوارە و پەنابەران داهاتیان هەیە. ژمارەیەک لە ئاوارەکان کارمەندی حکوومەتی عێراقن و هەندێکیشیان خانەنشینن. ژمارەیەکی کەمی پەنابەرانیش کار دەکەن. لە سەدا 65ی ئاوارە وپەنابەران پشت بەو هاوکاریانە دەبەستن کە لەلایەن حکوومەتی هەرێم و رێکخراوەکان پێشکەشیان دەکرێت. حکوومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان وەکو پەناگە، ئاسایش، پاراستن، ئاو و کارەبا، تەندروستی، پەروەردە، خزمەتگوزاریی شارەوانی و بەڕێوەبردنی کەمپەکان رۆژانە پێویستی بە 5.4 ملیۆن دۆلار هەیە کە مانگانە دەکاتە 162 ملیۆن دۆلار و ساڵانەش دەگاتە 1.9 ملیار دۆلار. حکوومەتی هەرێم هەوڵی داوە بە پێی توانای خۆی بە شێوەی یەکسان خزمەتگوزاریی مرۆیی بۆ ئاوارە و پەنابەران دابین بکات.

هاوکاریی نێودەوڵەتی

هۆشەنگ محەمەد لەبارەی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ئاوارە وپەنابەران ئاماژەی بەوەدا کە لایەنە هاوبەشە مرۆییەکان لەوانە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوە ناحکومیەکانی ناوخۆیی و بیانی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو رۆڵێکی گرنگیان لە پشتگیری کردنی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ئاوارە و پەنابەران هەبووە. رێکخراوەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سەدا 25ی پێداویستییە فریاگوزارییەکان بۆ ئاوارە وپەنابەرانیان دابین کردووە و بەرەوە کۆچیان کردووە. هۆشەنگ محەمەد بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە: بەهۆی بەردەوامبوونی ناسەقامگیری، بەردەوامبوونی چالاکیی تیرۆرستی و نەبوونی خزمەتگوزاری لە ناوچە ئازادکراوەکان لە عێراق و شەڕ و ئاڵۆزی لە سووریا، پڕۆسەی گەڕانەوەی کەوتۆتە سەر شانی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێم. گوتیشی دوای راگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعش، ژمارەی رێکخراوە بیانییەکان، بە تایبەتی لە ناو کەمپەکان رووی لە کەمبوونەوە کردووە وبووەتە هۆی کەمبوونی ئاستی خزمەتگوزارییەکان. ئێستا،160 هاوبەشی مرۆیی بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان ماون کە 43 رێکخراوی ناوخۆیین و103 رێکخراوی نێودەوڵەتی و 14 ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانن. بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، بێجگە لە 249639 پەنابەری سووریا، 20575 پەنابەری تورکیا، 13162 پەنابەری ئێران و 756 پەنابەری فەڵەستینی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوونە.





فەرماندەیەکی پێشمەرگە بۆ خەبات: چەکدارانی حەشدی عەشایەری لە سنووری کەرکووک پێشتر داعش بوونە

فەرماندەیەکی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، سەرجەم چەکدارانی حەشدی عەشایەری لە سنووری پارێزگای کەرکووک، پێشتر چەکداری داعش بوونە. لیوا حەمە ڕێگر، جێگری فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزەکانی پێشمەرگە، بە خەباتی ڕاگەیاند دوو هۆکار هەیە کە ڕێگەی بۆ تیرۆریستانی داعش خۆش کردووە جموجۆڵیان لە سنووری کەرکووک هەبێت کە ئەوانیش بریتین لە، یەکەمیان بۆشاییەکی ئەمنی لە غیابی هێزەکانی پێشمەرگە دروست بووە، داعشیش ئەو هەلەیان قۆستووەتەوە، دووەمیشیان ئەوەیە کە دوای 16ی ئۆکتۆبەر وڵەو کاتەوەی حەشدی سوننە (عەشایەری) پێکهێنراوە، سەرانی ئەو هێزە میلیشیایەش سەرجەمیان چەکداری داعش بوونە و پاشان هەموویان بوونە چەکداری حەشدی سوننە و چەکیان وەرگرت.

ئاشکراشی کرد، ئێستاش ئەو چەکدارانە خاوەنی چەک و پارە و ئۆتۆمبێلی سەربازین و بە ئاشکرا بۆ هەموو شوێنێک دەڕۆن و بە شەو و ڕۆژیش کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیر کرد و لەو کاتەوە دۆخی ئەمنیی ناو شاری کەرکووک تێک چووە و جموجۆڵی تیرۆریستانی داعشیش لە دەرەوەش شارەکە زیادی کردووە.

تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێران بە (هاندانی خەڵک دژ بە حکوومەت) تۆمەتبار دەکرێت



ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی کە بەوە ناسراوە لە نەرێتخوازانی ئێران نزیکە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێرانی بە هاندانی خەڵک دژبە حکوومەتی ئەو وڵاتە تۆمەتبارکرد. ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی لە ژمارەی دوێنێیدا سیاسەتی پەخشی دامەزراوەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی ئێرانی کردە ئامانج بەرامبەر حکوومەتی سەرکۆمار، حەسەن روحانی. ڕۆژنامەکە کاردانەوەی نیشان داوە بەرامبەر ئەوەی وێڕای پێشنیازەکانی رابەری ئایینی ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی بۆ "پەیامی یەکڕیزی"، بەڵام ژمارەیەک کەس کە بەشداربیان کردبوو لە چلەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ئیسلامی دوو ڕۆژ لەمەوبەر دروشمیان لە دژی حکوومەت گووتبۆوە و نووسیوویەتی: لە پەخشکردنی بەرنامەکانی یەکێک لە کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان هانی خەڵک دەدرێت بڕژێنە سەر شەقام دژبە حکوومەت. گەنجێکی لایەنگری تووندڕەو کە لەو کەناڵە کاردەکات بە شێوەیەک کە بینەران کاردانەوەیان هەبێت پرسیاری هاندەرانە لە ژمارەیەک هاووڵاتی "بەشداربووانی چالاکی چلەمین ساڵوەگەڕی شۆڕش" دژبە حکوومەت دەکات. جێی باسە دامەزراوەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی ئێران تاکە دامەزراوەیە لە ئێران پەخشی تەلەڤیزیۆنی دەکات و لە 20 کەناڵی سەرتاسەری و32 کەناڵی ناوچەیی پێکهاتووە. جگە لەو دامەزراوەیە کە سەربە خامنەیی ڕێگەدان بە پەخشی کەناڵی تایبەت لەو وڵاتە قەدەغەیە. لە لایەن میانڕەو و ریفۆرمخوازانی ئێرانەوە ڕەخنە لەو کەناڵە دەگیرێت بەوەی لە بەرژەوەندی "نەرێتخوازان" پەخشی بەرنامەکانی دەکات.

یەکێتیی ئەورووپا سعوودیە و ژمارەیەک وڵاتی دیکەی خستە لیستی ڕەشی سپیکردنەوەی پارەوە

یەکێتیی ئەورووپا بە هۆی ئەوەی کە پابەندی ستانداردەکانی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ تیرۆریزم نەبووە، سعوودیەی خستە لیستی ڕەشەوە. دوێنێ چوارشەمە کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا لیستێکی بڵاوکردەوە کە لە 23 وڵات پێکهاتووە و پابەندی ستانداردەکانی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ تیرۆریزم نەبوون. لە لیستەکەدا هەریەکە لە وڵاتانی، ئەفغانستان، ساموای ئەمەریکی، باهاما، بۆتسوانا، کۆریای باکوور، ئەپیوبیا، غانا، گوام، ئێران، عێراق، لیبیا، نەیجیریا، پاکستان، پاناما، پۆرتۆ ریکۆ، ساموا، سعوودیە، سریلانکا، سووریا، ترینیداد و تۆباگۆ، تونس، دوورگەکانی ڤیرجینی ئەمەریکا و یەمەن بەدیدەکرێت. لە ئەنجامی ئەم لیستەدا، بۆ چاودێرییەکی وردتری جموجوڵی پارە لەگەڵ بانکەکانی سەربە یەکێتییەکە، سەرنجێکی وردتر دەخرێتە سەر دامەزراوە دارایەکانی ئەو وڵاتانە و کۆپارەکانیان.

عادل عەبدولمەهدی: دیداری گرنگمان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامداوە

میکانزمی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنی لەسەر هەیە



عادل عەبدولمەهدی ڕایەگەیێنێت، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆرباشە و دیداری گرنگیان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامداوە و دەشڵێت، میکانزمی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەیە و پێویست بە ڕێککەوتنی نوێ ناکات.

عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەفتانەی خۆیدا ڕایگەیاند، "دیداری گرنگمان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامداوە، دۆخەکە زۆر باشە و پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر باشە".

لەبارەی میکانزمی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی یاسای بودجەی 2019 سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتی: بەڵێ میکانزمی هەناردەکردنی نەوت هەیە، میکانزمی هەناردەکردنی نەوت ڕێککەوتنی لەسەر هەیە و پێویست بە ڕێککەوتنی نوێ ناکات و پێویستە ڕۆژانە250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکرێت، ئەمە لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوەی تایبەتە بەجێبەجێکردنی یاسای بودجە، ئەوا بەدەست وەزارەتی دارایی و ڕێنمایی دەرچووە و دەست بەجێبەجێکردنی یاسای بودجە کراوە، ئەمە بۆ هەموو یەکە دارایی‌یەکانە. عادل عەبدولمەهدی گوتیشی: گورزی گرنگ لە داعش دەوەشێنین لە حەمرین و لە هەر شوێنێک هەست بکەین بوونی چەکدارانی داعش هەیە، شەو و ڕۆژ بەدواوەیانین و ڕێگەنادەین هیچ دەرفەتێک بقۆزنەوە بۆ جێگیر بوونیان و چالاکی ئەنجام بدەن، پێچەوانەی ئەوەی باس دەکرێت، زانیارییەکان ئاماژە بە پاشەکشەی داعش دەکەن.

جێی باسە ڕۆژی 2019/2/7 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوە و جەختیان لە "بەرەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکان و هاوکاری و هەماهەنگی لە هەموو بوارەکاندا کردەوە".

عارف تەیفوور بۆ خەبات: بەشداریکردنی گۆڕان لە کابینەی نوێی حکوومەت بە کارێکی باش دەزانین



سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سلێمانی/ هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بە باشی دەزانن بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشداری لە حکوومەتدا بکات. عارف تەیفور، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە (سلێمانی- هەڵەبجە)، بە خەباتی ڕاگەیاند، بڕیارە ڕۆژی 18ی شوبات، کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت و بەپێویستیشی زانی کۆبوونەوەکە لە کاتی خۆیدا بکرێت. باسیشی لە بەشداریکردنی لایەنەکان لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و جەختی لەوە کردەوە، بەشداری کردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەم کابینەیەدا بەکارێکی باش دەزانن و خوازیارن هەموان پێکەوە بەگشتی چاوی لە کابینەی داهاتوودا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن و بە گیانێکی لێپرسراوانەوە کار بکەن بۆ ئەوەی ژیانی خەڵک خۆش بکەن. عارف تەیفور، ئاماژەی بەوەش دا، خەڵکی کوردستان بەگشتی چاوی لە کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و نەیشاردەوە کە ئەوان پێیان وایە، کابینەکەی مەسرور بارزانی، کابینەیەکی بەهێز دەبێت و بەشێوەیەکی باش خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکات.



پۆمپیۆ بانگەوازی لە ئەورووپا کرد گازی سروشتیی لە ڕووسیا نەکڕن

وەزیرانی دەرەوە و بەرپرسانی بالای 60 وڵات لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا کۆدەبنەوە لەکاتێکدا ئەمەریکا هیوادارە بتوانێت فشارەکانی سەر ئێران زیاد بکات، ئەمەش سەرەڕای ترسەکانی وڵاتانی ئەورووپا لە زیادکردنی گرژییەکان لەگەڵ تاراندا. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ مایک پۆمپیۆ کە بە سەردانێکی فەرمیی لە پۆڵەندا بوو، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، یاسێک زاپوتۆویکز کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشی سازکرد. ئاشکرایکرد پرۆژەی "تەوژمی باکوور 2" کە پلان وایە لە ڕێگەیەوە گازی ڕووسیا بۆ ئەڵمانیا بگوازرێتەوە، مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی وزەی ئەورووپا. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جەختی لەوەش کردەوە کە پرۆژەی "تەوژمی باکوور 2" هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی وزەی ئەورووپا و گوتی: واشنتۆن دژی پرۆژەی ڕاکێشانی ئەو بۆریەیە چونکە ئەمە لە بەرژەوندیی هەناردەی گازی سروشتیی ڕووسیایە و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بە ڕووسیاوە پەیوەست دەکات. مایک پۆمپیۆ تیشکیشی خستەسەر گرنگیی هاریکاریی نێوان وڵاتەکەی و پۆڵەندا لە بواری وزەدا و جەختی لەوەکردەوە کە واشنتۆن خۆشحاڵە بەوەی حکوومەتی وارشۆ بەرپرسیارێتییەکانی لە چوارچێوەی ناتۆدا بە ئەنجام دەگەیەنێت.

هەروەها پۆمپیۆ پێش ئەوەی بەرەو وارشۆ بکەوێتەڕێ سەردانی سلۆڤاکیای کردوو و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: هەندێک وڵات وەزیرانی دەرەوەیان ئامادەی کۆنگرەکە دەبن و هەندێکیشیان ئامادەی نابن، ئەوە بژاردەی خۆیانە. گوتیشی: پێم وایە پێشکەوتنێکی بەرچاو تۆمار دەکەین. پێمان وایە دەیان وڵات هەن کە بەجددی کار بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و دەیانەوێت ئارام و سەقامگیرتر بێت. هیوادارم ئەوە دەستەبەر بکەین. لەکاتێکدا وڵاتانی وەکو فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا ڕێگەیەکی دیکەیان دۆزیوەتەوە بۆ بارزگانیکردن لەگەڵ ئێراندا بە گوێرەی مامەڵەکردن بە دۆلار، ئەو وڵاتانە هێشتا ڕەخنە لە بەرنامە موشەکییە باڵیستیکییەکەی ئێران دەگرن.

هێشتا نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتیی عێراقی لە ووڵاتی خۆیاندا ئاوارەن و لەسەر هاوکارییە مرۆییەکان دەژین



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

سەرەڕای ئەوەی عێراق خاوەنی دووەم گەورەترین یەدەگی نەوتە لەجیهان و بوجەی ساڵانەی حکوومەتەکەی لەبوجەی هەرسێ وڵاتاتی ئێران و ئەردەن و سووریا پێکەوە زیاترە، بەڵام تائێستا نزیکەی 4 ملیۆن عێراقی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و هێشتا ملیۆنێک و هەشتسەد هەزار کەس لەعێراقدا ئاوارە و ڕاگوازراون و لەسەر کۆمەکە مرۆییەکان دەژین و زۆربەشیان توانای گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان نییە.

نوێنەرایەتی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەعێراق (یونامی)لەدوا ڕاپۆرتیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای 5 ساڵ لەهاتنی داعش بۆ عێراق و دەستبەسەراگرتنی بەشێکی زۆر لەخاکی عێراق، خەڵک پێشبینی ئەوەی دەکرد کە بەکۆتایهاتنی داعش بارودۆخ و گوزەران و باری ئەمنی عێراق بەگشتی باشتر دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستا نزیکەی ملیۆنێک و هەشتسەد هەزار عێراقی ئاوارەن و بەشێکیان لەخیوەت و کەمپەکان و بەشێکی تریشیان لە کابینە و خانووی کرێ و لەدەرەوەی شوێن و ماڵی خۆیان دەژین و بەهۆی خراپی باری ئەمنی و خراپبوونی ڕەوشی ئابووری و دەسکەوتی ڕۆژانەی هاوواڵاتیە ئاوارە و ڕاگوازراوەکان کە هەندێکیان ڕۆژانە کەمتر لە 5 دۆلاریان دەستدەکەوێت و بەهۆیەوە ناچارن لەسەر کۆمەک و هاوکاری وڵاتانی کۆمەکبەخش و ڕێکخراوە مرۆییەکان و خەڵکی دەوڵەمەند و خێرخواز بژین و ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

یونامی لەڕاپۆرتەکەیدا باسی ئەوەشی کردوە کە زۆربەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش بوون و ئازاد کراون، بەهۆی شەڕ و تەقینەوە و بۆردومانی موشەک و فڕۆکەکانەوە وێران بوون و ژیانی تێدا نەماوە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی بۆ نەبراوەتەوە و باری ئەمنیش تێیدا خراپە، بۆیە ئەمە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەڕانەوەی زۆر لە ئاوارە و ڕاگوازراوانەکانە بۆ شوێنی خۆیان.

ڕووسیا هۆشداری دەداتە ئەمەریکا لە دەستوەردانەدان لە کاروباری ناوخۆی ڤەنزویلا



وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هاوتا ئەمەریکییەکەی، مایک پۆمپیۆ هۆشداریدا لە بارەی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ڤەنزویلا. بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن وەزارەتەوە، لاڤرۆڤ و پۆمپیۆ دوایین پێشهاتەکانی ڤەنزویلایان تاوتوێکردووە.

سێرگی لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوە کرد کە ڕووسیا ئامادەیە لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس لە بابەتەکە بکات و ڕەخنەی لە ئەمەریکا گرت لەسەر توندکردنی سزاکانی دژبە ڤەنزویلا. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، هۆشداری داوەتە ئەمەریکا لەبارەی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی ڤەنزویلا بە هەنگاوی سەربازیشەوە.

بێنیامین ناتانیاهو: خاڵی هاوبەشی کۆنفرانسەکەی وارشۆ، ئێرانە

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو پشتڕاستی ئەوەی کردەوە کە سوپای وڵاتەکەی لە پشت بۆردومانەکەی پێرێ سێشەمەی هەندێک ناوچەی پارێزگای قونەیتەرە باشووری سووریا بووە بە تانک و تۆپ.

پێش بەڕێکەوتنی بۆ وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی "پشتیوانیکردن لە داهاتووی ئاشتیی و ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست"دا کە ڕۆژانی 13-14ی شوبات بەڕێوەدەچێت، ناتانیاهو لە فڕۆکەخانەی بن گوریۆن لە تەل ئەبیب بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا. بێنیامین ناتانیاهو ئاماژەی بەوە کرد کە جگە لە سووریا پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە "زۆر باشە".

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل جەختی لەسەر کۆنفرانسەکە کردەوە و باسی لەوە کرد کە خاڵی هاوبەشی کۆنفرانسەکەی وارشۆ، ئێرانە. بێنیامین ناتانیاهو باسی لەو هەنگاوانە کرد کە وڵاتەکەی دژبە ئێران گرتوویەتەبەر و گوتی: هەمیشە هەوڵ دەدەین بۆ ڕاگرتنی ئێران. هەموو ڕۆژێک بە دۆینێشەوە کارمانکردووە و دەکەین دژبە ئێران و هەوڵەکانی پێداکوتانی لە ناوچەکەدا. بەو لێدوانەش سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە هێرشەکەی پێرێ لە لایەن ئیسرائیلەوە ئەنجامدراوە. سەرچاوە ناوخۆییەکانی سووریا ئاماژەیان بەوە کردبوو کە پێرێ ئیسرائیل بە تانک و تۆپ هێرشیکردووەتە سەر خاڵەکانی حزبوڵڵا کە پشتیوانی لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکەن لە پاریزگای قونەیتەرە باشووری سووریا. بەرپرسانی ئیسرائیلیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەو بارەیەوە نەخستبووەڕوو.



بەرلین...

شێخ ئەدهەم بارزانی سەردانی لقی شەشی ئەوروپای پارتی کرد

ئەڵمانیا/ ساسان دەروێش

شێخ ئەدهەم بارزانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی و هەڵبجە بە یاوەری بەڕێز سیپان ڕەش سەردانی بارەگای لقی شەشی ئەورپای پارتی دیموکراتی کوردستانی لە شاری بەرلین پایتەختی ئەڵمانیا کرد و لەلایەن فەوزی ئەسعەد هەڵسووڕێنەری لقی شەش و بەهجەت مەسیفی ئەندامی لق و بەرپرسی ناوچەی لایپزیگ زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا. پاشان لە دانیشتنێکدا کە کارگێڕانی لێژنەی ناوچەی لایپزیگ و ئەندامانی لێژنەی ڕێکخراوی بەرلین و کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوی زۆزگ و یەکێتی لاوانی کوردستان نوێنەرایەتی ئەورووپا ئامادەبوون، شێخ ئەدهەم بارزانی باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر بارودۆخی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی دنیا و پێشهاتەکان باسکرد. هەروەها زۆر بەڕاشکاوانە بیروڕای خۆی لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگ پەیوەست بە کوردستان بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. لە کۆتایی دا بەڕێزیان وەڵامی هەموو پرسیار و سەرنج و تێبینییەکانی ئامادەبووانی دایەوەو خۆشحاڵی خۆشی بۆ ئەو دیدارە دەربڕی کە ئەندامانی پارتی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە نێو کۆمەڵگەکانی ئەورووپا و بەیەک دەنگ و یەک پێشهاتەکان باسکرد. هەروەها زۆر بەڕاشکاوانە بیروڕای خۆی لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگ پەیوەست بە کوردستان بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. لە کۆتایی دا بەڕێزیان وەڵامی هەموو پرسیار و سەرنج و تێبینییەکانی ئامادەبووانی دایەوەو خۆشحاڵی خۆشی بۆ ئەو دیدارە دەربڕی کە ئەندامانی پارتی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە نێو کۆمەڵگەکانی ئەورووپا و بەیەک دەنگ و یەک پێشهاتەکان باسکرد. هەروەها زۆر بەڕاشکاوانە بیروڕای ڕەوای نەتەوەییمان دەکەن.

ژاپۆن لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنانەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەکات



ئا/ قائید میرۆ: وەزیرانی ژاپۆن ڕەزامەندیی پێشان داوە بۆ ئەوەی لە بواری ئۆتۆمبیل و بڕاندە بەناوبانگەکانیدا هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات و سەرۆکی ڕێکخراوی کوردی_ژاپۆنییش دەڵێت، حکوومەتی ژاپۆن بەڵێنی پێ داوین هەر قەرزێک بیدەن بە عێراق بەشی هەرێمی کوردستانی تێدا گەرەنتی دەکرێت.

فەرەیدوون زامدار، سەرۆکی ڕێکخراوی کوردی_ژاپۆنی ئاشکرای کرد: وەزیرانی ژاپۆن هەڵوێستی ئەرێنییە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و لە ساڵانی ڕابردوودا کاتێک بەغدا قەرزی درێژخایەنی لە ژاپۆن وەرگرت ئامادەنەبوون بەشی هەرێمی کوردستان بدەن، بەڵام دوای هەوڵەکانی ئێمە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژاپۆن ٢٠%ی ئەو قەرزانەی داویەتی بە عێراق، بۆ هەرێمی کوردستانی خەرج کرد و چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەو قەرزە جێبەجێ کراون، لەوانەش پڕۆژەیەکی کارەبا لە قەزای ئامێدی و چەندین پڕۆژەی دیکەش لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی ڕێکخراوی کوردی_ژاپۆن دەڵێت: ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتانەی دەیەوێ بنکەی سەرەکیی هەندێ کۆمپانیا بگوازێتەوە وڵاتانی جیهان، بەڵام بە هۆی سستیی پەیوەندیی عێراق و ژاپۆن تا ئێستا نەتوانراوە وەک پێویست سوود لە ئەزموونی دەوڵەمەندی ژاپۆن وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان توانیویەتی پەیوەندییەکی باشی هەبێت و چەند لقێکی کۆمپانیای ژاپۆنی لە کوردستان هەن، بەتایبەتی ئاژانسی جایکا ڕۆڵی زۆری لە خزمەتکردنی هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

فەرەیدوون زامدار ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان هەندێ بڕاندی ژاپۆنی لە هەرێمی کوردستان بکەینەوە، لەوانەش لقی کەلوپەلی یەدەکی ئۆتۆمبیل، کە مەزەندە دەکرێت ٦٠٪ی ئۆتۆمبیلی هەرێمی کوردستان بەرهەمی وڵاتی ژاپۆن بن، هەروەها چەند کۆمپانیایەکی خواردنەوە گازییەکان و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە، ئەمساڵ هەنگاوی باش دەنرێن بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرانی ژاپۆنی ڕۆڵیان لە کەرتی وەبەرهێنان و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەبێت.

داودئۆغلو ڕەخنەی توند لە ئەردۆغان دەگرێت

باسنیوز:

ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا، لە میانی بەشداریکردنی لە کۆنفراسێکدا هێرشی تووندی کردە سەر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوتی هەموو دەسەلاتێکی وڵاتەکەی لە دەستی خۆیدا کۆ کردووەتەوە. داودئۆغلو بەشداری لە کۆنفراسێکدا کرد لە ئەنکەرا، کە هەزاران کەس ئامادەی ئەو بوون و ڕۆژنامەی (یەنی چاغ)ای تورکی ڕێکی خستبوو، باسی لە ئایندەی تورکیا کرد و گوتی: ئەگەر هەموو شتێک بدرێتە دەست یەک کەسەوە، ئەوکات ڕێکخستنەکان هەموو تێک دەچن. ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی وڵات ڕێک بخرێت، بەڵام چونکە دەسەلات لەژێر دەستی یەک کەسدایە ئەو ڕێکخستنە بۆ ماوەیەکی کاتیە، بۆ ئەوەی ڕێکخستنەکانت بپارێزیت، هێز مەرجە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو هێزە چۆن و بەچی شێوەیەکی ئەخلاقی بەکار دەهێنیت، دەبێت ئەوەش بزانین کە دەوڵەتێکی بەهێز هاووڵاتییەکانی لاواز بن، ئەوکات ئۆتۆکراسی دێتە بەرهەم.

سەرچاوە عێراقییەکان:

سوپای پاسداران لە بەعقووبە سەربازگەیەک دەکاتەوە

سەرچاوە عێراقییەکان لە پارێزگای دیالە ئاشکرایان کردووە کە کۆمپانیایەکی ئێرانی دەستی بەکار کردووە بۆ نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی کەمپێکی سەربازی لە باکووری بەعقوبە کە لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێرانەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

سەرچاوە عێراقییەکان، کە بە مەرجی بڵاونەکردنەوەی ناویان قسەیان کردووە، بە ماڵپەڕی (دیارونا)یان گوتووە ئەو کەمپە کۆنە و پێشتر کەمپی (ئەشرەف)ی سەر بە ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق (ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی) بووە و نزیکەی 18 کیلۆمەتر لە باکووری بەعقوبەوە دوورە، بۆ پشتیوانی هێزەکانی حەشدی شەعبی چاک کراوەتەوە کە سەر بە ئێرانن.

بەپێی هەمان سەرچاوە جگە لە ڕێکخراوی بەدری سەر بە ئێران، میلیشیاکانی کەتائیبی حیزبوڵا، بزووتنەوەی نوجەبا و عەسائیبی ئەهلی حەقیش هەن. کەمپەکە ڕووبەرێکی نزیکەی 50 کیلۆمەتر چوارگۆشە داگیر دەکات و چەند بینایەکی نیشتەجێبوون و خوێ لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگ پەیوەست بە کوردستان بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. لە کۆتایی دا بەڕێزیان وەڵامی هەموو پرسیار و سەرنج و تێبینییەکانی ئامادەبووانی دایەوەو خۆشحاڵی خۆشی بۆ ئەو دیدارە دەربڕی کە ئەندامانی پارتی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە نێو کۆمەڵگەکانی ئەورووپا و بەیەک دەنگ و یەک پێشهاتەکان باسکرد. هەروەها زۆر بەڕاشکاوانە بیروڕای



دیارونایان گوتووە دڵخۆش نین بە بوونی ئەو کەمپە. دانیشتوویەکی خاڵس، بەناوی ئیسماعیل بەیاتی، بە دیارونای گوتووە لە 14 کانوونی دووەم کە دەستپێکی پشتوویەکی درێژ بوو، کرێکارانی کۆمپانیاکە سەردانی بازاڕەکانی خاڵسیان کرد بۆ کڕینی خۆراک و هەتا ئێوارەش لە کافێکاندا دانیشتن.

گوتی دیمەنەکە زۆر هەژێنەر بوو لەلایەن دانیشتوانەوە. ئەوان دەزانن پێشوازییان لێ ناکرێت بەڵام هەر دێن، ئەمەش لەژێر پارێزگاری حەشدی شەعبیدا کە خوێنندنگە و بنکەی تەندروستی و دامودەزگای تری تێدایە.

ئێستا بە کەمپی (ئەبو مونتەزەر محەمەداوی) ناسراوە بەناوی بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی چەکدارانی (بەدر) کە لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی (داعش)دا لە 2015 کوژرا. ئەو کۆمپانیا ئێرانییە کە بەگوێرەی سەرچاوە عێراقییەکان بە غەدیر خوم ناسراوە و چەندین کرێکاری ئێرانی کاری تێدا دەکەن.

کەمپەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکیی خاڵس کە لەوێ هەندێک لە دانیشتوان بە کۆگایەکی بچووکیش لە نزیک کێڵگەیەکی نەوتی لەسەر ڕێگای سەرەکی خانەقین فراوانتر دەکات تا بیکاتە بنکەیەک بۆ میلیشیا چەکدارەکان.

ئەندامێکی ئەنجومەنی قەزای خاڵس، محەمەد ڕوبەیعی، کە داوای کرد ئەو نازناوەی بۆ بەکار بێت، گوتی کۆمپانیا ئێرانییەکە یاسا بەر کارە نێوخۆییەکانی عێراقی پێشێل کردووە بە دەستیان گرتووە بەسەر سەر تۆڕەکانی کارەبا و ئاو و فرێدانی خۆڵوخاشاکی درشت.

ڕوبەیعی ڕاشیگەیاندووە کۆمپانیاکە یاسای کۆمپانیا بیانییەکانی عێراقیشی پێشێل کردووە کە دەڵێت دەبێت لە سەدا 60ی کرێکارەکانی عێراقی بن. ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پارێزگای دیالە، ڕەعد دەهلەکی، گوتی هەر بنیاتنان و فراوانکردنێکی بنکە سەربازییەکان لە عێراقدا دەبێت لەلایەن عێراقییەکانەوە بکرێت. گوتیشی عێراق دەتوانێت پڕۆژەکانی خۆی بنیات بنێت و پێداویستییان بۆ دابین بکات.



یونیسێف:

منداڵانی عێراق ڕووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری منداڵان (یونیسێف) لە عێراق، بەیاننامەیەک بەبۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی (14ی شوبات)، بڵاوەکاتەوە و تێیدا باس لەوە دەکات، کە زۆرینەی منداڵانی عێراق ڕووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە.

لە بەیاننامەکەدا، کە وێنەیەکی دڕاوەتە خەبات، پێتەر هۆکینز، نوێنەری یونسێف لە عێراق ڕایگەیاندووە، بەبۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) ئاهەنگ بۆ خۆشەویستی دەگێڕن و هیچ کەسێکیش هێندەی منداڵ پێویستیی بە نیشاندانی خۆشەویستی نییە.

پێتەر هۆکینز هەروەها ڕایگەیاندووە، لە عێراق، چەند ساڵێکە منداڵان بەشێوەیەک تووشی تووندوتیژی بوون، کە کەم وێنە بووە و ئێستاش لەگەڵ تەواوبوونی شەڕەکان، منداڵان لە مەڵ و قوتابخانەکاندا ڕووبەڕووی تووندوتیژی دەبنەوە.

نوێنەری یونسێف لە عێراق جەختی لەوە کردووەتەوە، کە بەپێی ڕاپرسییەکان، 80%ی منداڵانی عێراق توشی تووشی تووندوتیژیی زۆر خراپ بوون و سێ لەسەر یەکی ئەو ڕێژەیەش تووشی سزای جەستەیی توند لە ڕووخسار، سەر و گوێیەکان بوون. پێتەر هۆکینز بەبۆنەی ڕۆژی ڤالانتاینەوە، داوای لە دایک و باوکان و بەرپرسانی عێراقی کردووە "پێکەوە کۆتایی بە تووندوتیژی دژی منداڵان بهێنن ."جێی باسە ساڵانە ڕۆژی 14ی شوبات، وەک ڕۆژێک بۆ خۆشەویستی لەنیوان عاشقان یاد دەکرێتەوە.

سەرکۆماری ئێران: ئامادەین بۆ دانوستان لە چوارچێوەی ڕێزدا

سزاکانی ئەمەریکا زیانی بە ئابووریی ئێران گەیاندووە



سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ئاشکرایکرد لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە یەکترید ئامادەییان بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیرنا، حەسەن ڕوحانی لە میانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا لە تاران لە گوتەیەکدا ئاماژەی بەوەکردووە سزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئابووریی ئێران گوشاری خستووەتە سەر دانیشتوانی وڵاتەکە. جەختی لەوەش کردووەتەوە کە ئامادەییان تیادایە لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لەیەکتریدا دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا بکەن و ڕایگەیاندووە "ئێمە لایەنگری دیالۆگین. ئەگەر کەسێک بیەوێت سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو قسەمان لەگەڵدا بکات و ڕێز لە گەلەکەمان و یاساکانمان بگرێت، ئەوا دانوستان دەکەین".

ڕوحانی تیشکی خستووەتەسەر ئەوەی سزاکانی ئەمەریکا زیانی بە ئابووریی گەیاندووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەوان خۆیان ڕادەست ناکەن و گوتوویەتی "گەلی ئێران ئامادەیی ئەوەی تیادا نییە خۆی ڕادەستی دوژمن بکات و خۆڕادەستکردن بە دوژمن کۆتایی نییە. ئەگەر بێت و لەبەرامبەر ئەمەریکادا لە یەکەم هەنگاودا خۆمان ڕادەست بکەین، ئەوا دەبێت تا کۆتایی خۆمان ڕادەست بکەین". سەبارەت بە چلەمین ساڵیادی شۆڕشی ئێران، ڕوحانی باسی لەوەکرد کە بەشداریی بەرفراوانی خەڵک لە ئاهەنگەکاندا، نیشاندەری ئەوەیە کە گەل لە ڕێز کاریگەریی ئەمەریکادا نەماوەتەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/2/14 ژمارە (5694)

پەرلەمانەکانی بەهاری عەرەبی.. پەرلەمانی عێراق بە نموونە!



کیفاح مەحمود کەریم



دوای تێپەڕبوونی دەیەها ساڵ بەسەر سیستەمە حوکمڕانییە شمولییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەتیش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبییەکان، هەندێ هێزو لایەن توانیان گۆڕانکاری گەورە لە سیستەمی سیاسی وڵات جا لە هەر وڵاتێک بە شێوازی جیا لەوەی دیکە بهێننە ئاراوە، ڕژێمەکە لە ڕژێمی دیکتاتۆری و شمولییەوە بۆ سیستەمی فرەیی بگۆڕن، هەندێ ڕێگای سندووقی دەنگدانیان بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت بە تایبەتیش پەرلەمان گرتەبەر وەک ئەوەی لە عێراق و تونس ڕوویدا، لە کاتێک تونس توانی ڕێگایەک بۆ خۆ بەدوور گرتن لە کاریگەری ئایین لە سیستەمی سیاسی بگرێتەبەر، بە پێچەوانەوەی چینە سیاسییەکانی عێراق "هەرێمی کوردستانی لێ دەرچێت" ئاراستەی ئایین و مەزهەبگەرییان گرتەبەر، زۆربەی چینە سیاسییە دەستەڵاتدارەکان، ڕوویان لە وڵایەتی فەقیهی کرد، گەرچی بەئاشکراو بە فەرمی ڕایان نەگەیاندووە بەڵام بە ڕوونی کاریگەری مەرجەعی شیعەکان بەسەر سێ دەسەڵاتەکەوە دیارە، کە تا چ ئەندازییەک کەوتوونەتە ژێر کاریگەری فەرمان و ڕێنماییەکانی مەرجەع، وەک لە پێکهێنانی حکوومەتە نوێیەکەی عێراق کاریگەری ڕێنمایی مەرجەع کە بریتی بوو لە "تاقیکراو تاقی مەکەرەوە" واتا بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەنگ بە بەرپرسەکانی پێشوو مەدەن، ڕادەکەی بە زەقی دەرکەوت، بە واتایەکی دیکە فەقیهەکان و مەرجەعیەتە ئایینیەکان لە عێراق کادیرەکانی حکوومەت دەستنیشان دەکەن.

عێراق وەک نموونەیەکی باش بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕژێمە دەسەڵاتدارە شمولییەکەیان لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نێو بردرا، کە دواتریش لە وڵاتانی تر پرۆسەی گۆڕانکاری بە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ ڕووخاندنی حزبە تاکڕەوەکان و سەرکردە زەروڕەکانی لێکەوتەوەو پرۆسەکە بە بەهاری عەرەبی ناسێنرا، بەڵام هاوکات زۆر چەمک و دەستەواژە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هات، بە شێوەیەک واتا ڕەسەنەکەی خۆیان لە دەست دا، دامەزراوە خزمەتگوزارییە نیشتیمانییەکان کرانە لانەی میلیشیای ناوچەیی و حزبی یا ئایینی و مەزهەبی، مەفهومی هاووڵاتی بوون و خزمەتگوزارییەکان بەڕەو هەڵدێر چوون، تەنیا دەستکەوت و دزینی دارایی گشتی لەژێر جۆرەها ناوی وەک ئیمتیازاتی پاراستن و پارێزگاری لە هۆزگەڕێتی سەرکردەکانی بەیەکەوە کۆ دەکردەوە، کە هەر ئەمەش بوو وایکرد کۆمەڵگا لەبەر یەک هەڵوەشێتەوەو پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و چینەکانی گەل و وڵاتی لەگەڵ یەک پچڕاند.

ئیمتیازەکان هێندە زۆرن بە بەراورد لەگەڵ ئاستی گوزەرانی وڵاتانی دیکە لە هیچ وڵاتێکی دیکە هاوشێوەی نییە، بۆتە مایەی خاڵی سەرنجڕاکێشانی هەموو ئەو بازرگانانەی بەدوای گەنجینەی عەلی بابا و سێ سەد دزەکەی و پاشکۆکانی لە وەزیرە لە ناکاوو ئەو بازرگانانەی بەدوای بۆندە قێزەوەنەکان دەگەڕێن. تا وڵاتیان گەیاندە ڕیزبەندی شکستخواردوو ترین و گەندەڵترین وڵات لە جیهاندا، شارەکانیشی بە بەغدای پایتەختەوە کە ڕۆژگارێ جێی شارستانیەت بوو تەنیا سیمالا پاشماوەی کەلاوەی شارێکی لێماوەتەوە، چەتەو میلیشیا هەڵپەرستەکان دەستیان بەسەر پۆستی حوکمڕانی و بەڕێوە بردنی وڵات داگرتووە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکارێک، ڕەخنە لە زۆری ئیمتازاتی بەرپرسەکان بگرێت، یا هاووڵاتیان خۆپیشاندان لە دژی ئەنجام بدەن، وەڵامی حازر بەدەستی کارەساتاوی پڕ لە ئازاریان ئەوەیە، ئیمتیازاتە دارایەکان خاوەنەکەی لە بەڵاڕێدا بردن و خیانەت، یا بوون بە بەکرێگیراوی بۆ دەزگا سیخوریە وڵاتە بیانییەکان دەپارێزێت، لەسەر ئەو بنەمایە لەسەر حکوومەت و گەل پێویستە ملیاردها دۆلار بۆ ئەندامانی پەرلەمان حکوومەت و هەرسێ سەرۆکایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی دەوڵەت دابین بکەن، تا لە لەخۆشگوزەرانییەکی ڕەهای بێ وێنە بژین و لە بەرتیلخواردن و خیانەت و دزی و بەکرێگیراوی بەدوور بن!

چ بنەمایەکی نیشتیمانی لە مەدا هەیە؟ چ ڕەوشتێک هانی کەسانی دەسەڵاتداری دارایی و یاسادانەران دەدات ئینتیمای نیشتیمانیی و ئابڕووی کەسیی بە دەستکەوتی دارایی و ئیمتیازاتەکانی پەرلەمانتارو وەزیرو گەورە بەرپرسان ببەستنەوە؟

دەبووایە سەرەتا بە لابردنی تەواوی ئیمتیازات و مووچەی زەبەلاح دەستیان پێ کردبایە، هەر هەموویان ملکەچی پلەکانی وەزیفی و یاسای خزمەتی گشتی بوونایە، تا دادپەروەری و یەکسانی لێبکەوتایایەوە، لەهەمان کاتیشدا بوار بۆ شەرکردن لەسەر بەدەستهێنانی پلەو پۆست و پاشکۆکانی نەدەڕخسا، پەنجەری دزینی پارەو سامانی گشتی و تالان بە ڕوویاندا دادەخرا!.

و: خالید گەردی
kmkinfo@gmail.com



فاتیح عەبدولسەلام

لە سروشتی دانیشتنانەکەی ئوستراڵیاوە

دوای دوو ساڵ، هێزەکانی ئوستراڵیا دانیشتنانێکی ناڕوونیان، لەبارەی بوونە هۆکاری کوژرانی 18 کەسی مەدەنی لە مووسڵ ڕاگەیاند، لە جەنگەکانی ڕزگارکردنیدا. هەزارەهای وەکو ئەوانە، فرۆکەکان هەڵا هەڵایان کردن و نێژران، لەو کاتەی لە شارۆچکەیەکی کۆن، لەلای ڕاستی شارەکە، خۆیان لە تۆپبارانەکان دەپاراست و وەکو مالباتی بێ دەسەڵات، لە ژێر زەمینی ماڵەکان کۆ دەبوونەوە. کەچی تاکو ئێستا کەس دانای بە کوشتنی ئەو هەزارەها کەسە نەناوە، ئەوانەی هێشتا تەرمەکانیان لەژێر داروبەردەکان دایە. جەنگی شارەکان بەم شێوەیەیە، پیسترین و چەپەڵترین جۆرەکانی شەڕە، چونکە لایەنێکی مەدەنی سڤیل هەیە، کە چەکدار نییە. نازانین ئایا ئوستراڵیا فیلم و تۆماکراوەکانی جەنگی مووسڵی لێداوەتەوە و چەند جارێک گەڕاندوویەتییەوە سەرەتا، ئینجا بینویەتی هەژدە کەسی مەدەنی، بە تۆپبارانی فرۆکەکانیان هەڵا هەڵا دەبن، یان چاوی بە هەموو هەڵەکانی لە جەنگ خشاندووەتەوە؟ ئایا وڵاتانی دیکەش وا دەکەن، یان دەستپێشخەرییەکی تاک لایەنەیە و دووبارە نابێتەوە؟

سەردەمی تاریکی لە کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە کۆتایی هات، بەڵام میژوو باسی ئەو پلانە سەربازییانە دەکات، کە پیادەکراوە و لە کەمکردنەوەی زیانی مەدەنییەکان لەلای چەپی مووسڵ سەرکەوتوو بوو، لەو دەمەی ئەوەی لەلای ڕاست ڕووی دا، ناکرێت میژوو پشتگوێی بخات، هەتا تاکو دوای سەد ساڵی دیکەش، ئەوەی ڕووی دا، شتێکە لە سەرووی وەسفکردنەوەیە. لەوانەیە سەربازەکان پێش کەسانی دیکە دەبێت بوەستن و لە لاپەڕەکانی ئەو جەنگە ڕامێنن، شتەکانیش چۆن ڕوویان دا؟ خاڵەکانی سەرنەکەوتن و سەرکەوتن لە کوێ دان؟ ئایا دەکرا خۆ لە زیان کەوتن لە کەسانی مەدەنی بەدوور بگیرێت، یان ئەوەیان فەراهەم نەدەبوو، کۆژێژی ئەرکانی عێراق، یەکێ لە کۆنترین ئەکادیمیا سەربازییەکانی عەرەبییە، ئەوان لە هەمووان شایستەترن، جارێکی دیکە بە ڕووتەنی و بە بێلایەنی و بەگوێرەی توخمەکانی زانستی سەربازیی، بۆ هەموو پۆلێنێکی کوشتار، کە بەشداریی لە جەنگە گەورەکان کردبێت بخوێنێتەوە، کە میژووی عەرەبی هاوشێوەی بەخۆوە نەبینیووە، لەوەتەی بەغدا کەوتووە، لەگەڵ کاولبوونی هەندێ شاری سووریاش بەم دواییە.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: www.azzaman.com

ئایا پەرلەمان پرسی بوون و مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سەر خاکی عێراق یەکلایی دەکاتەوە؟

و: خالید گەردی

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دەستپێکردنی دانیشتنەکانی خولی دووەمی پەرلەمانی عێراق، قسەوباسی سیاسی لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا گەرمتر دەبێت، هەندێ دەرکردنی بڕیارێک بۆ دەرکردنی سوپای ئەمەریکا لە عێراق بەدوور دەزانن، لە بەرامبەریشدا هێندێکی دیکە سوورن لەسەر دەرکردنی بڕیارەکە.

هاوپەیمانی نەسرکە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشوو ڕابەرایەتی دەکات، دەرکردنی بڕیارێک بۆ وەدەرنانی هێزەکانی ئەمەریکای لەسەر خاکی عێراق بەدوور دەزانن پێیان وایە هێشتا عێراق بۆ یاراستنی ڕەوشی ئاسایشی پێویستی بە بوون و مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانە.

لەمبارەیەوە، عەدنان زورفی سەرۆکی قەوارەی نەسر لە پەرلەمانی عێراق گوتوویەتی؛ سەختی قۆناخەکە وا لە پەرلەمانتاران دەخوازێت زیاتر توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکەن و نیگەرانییە ئەمنییەکان کە عێراق پێیەوە دەگوزەرێت بە تایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای وڵات لەبەرچاو بگرن، داواشی لە حکوومەت کردووە وتوێژەکانی لەگەڵ واشنتۆن لەبارەی چۆنیەتی جوولەپێکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵات چڕتر بکاتەوە.

لەبارەی ئەگەری بەکارهێنانی خاکی عێراق لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکا وەک پێگەیەک بۆ لێدانی ئێران، زروفی گوتوویەتی، ڕوونە دەستووری عێراق ڕێگا نادات هیچ وڵاتێک خاکی عێراق بۆ هێرش کردنە سەر وڵاتێکی دیکە بەکار بێنێت، واشنتۆنیش کە ڕابەرایەتی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات زانیاری لەو بارەیەوە هەیە.

هەر لەو بارەیەوە محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پێش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو داواکارییەک بۆ دەستنیشان کردنی ئەرکەکانی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و ماوەی مانەوەیان بە پەرلەمان گەیشتووە، بەڵام تا ئێستا هیچ پێشنیارێک لە لایەن پەرلەمانتارانەوە بە ئامانجی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەدەستییەوە نەگەیشتووە. لەلای خۆشیەوە هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح کە سەر بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبییە، گوتوویەتی هێزەکانی ئەمەریکا لەوە ترسنۆکترن بتوانن جوولە لە نێو شارەکانی عێراق بکەن، ئەوەی لەو بارەیەوە بلاوەدکرێتەوە، تەنیا درۆو پرو پاگەندەن. عامری لە مییانەی کۆنگرەی ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی بەدر لە پارێزگای دیالە گوتبووی؛ ئەو بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بە بوونی بنکە زەمینی و ئاسمانییەکانی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی عێراق نادات، بەڵام ئەمە تەنیا لە ڕێگای پەرلەمانەوە ئەنجام دەدات. لەبەرامبەردا ڕێگر نابێت لەبارەی مانەوەی چەند ڕاوێژکارێک بەمەبەستی مەشق پێکردن و ڕاهێنان، ئەمەش حکوومەت بڕیاری لەسەر دەدات.

شایانی باسە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، دوای لێدوانەکانی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لەبارەی مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق بۆ چاودێری کردنی ئێران. هەر یەک لە هاوپەیمانی فەتح و سائرون لەسەر یەکخستنی هەڵوێستەکانیان لەبارەی مانەوەی سوپای ئەمەریکا ڕێککەوتوون. هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراقییشە کە پێشتر بە کەتیبەکانی ئیمام دەناسران، ڕەتیان کردۆتەوە هیچ هەڕەشەیەکیان لە سوپای ئەمەریکا لە بارەی مانەوەی لە عێراق کردبێت و جەختیان کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بۆتەوە کە تیایدا لافیتەیەک لۆگۆی کەتیبەکانی ئیمامی لەسەرە کەسێک بەیاننامەیەک بە ناوی ئەوان لەدژی سوپای ئەمەریکاو بە ئامانج کردنیان لەلایەن بزووتنەوەکە دەخوێنێتەوە، فیدیۆیەکی ساختەیە، داواشی کرد بە هۆشداریەوە ڕاگەیاندنەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ بەیاننامە ساختەکان بکەن کە پەیوەندی بە کەتیبەکانی ئیمامەوە نییە. لەبارەی هەڵوێستی بزووتنەوەکەشیان لەبارەی بوونی سوپای ئەمەریکا، ڕەبیعی ڕوونیکردەوە کە هەڵوێستی بزووتنەوەکەیان لە چوارچێوەی هەڵوێستی فەرمی دەوڵەتی عێراق دەرناچێت، کاری حکوومەتی کێشەی بوونی سوپای ئەمەریکاو سروشتی کارو ئەرکەکەیان ڕێک بخات.

www.alarabiya.net



ئەمەریکا هۆشداری دەداتە تورکیا

نوێنەری هەمیشەیی ئەمەریکا لە ناتۆ داوای لە تورکیا کرد پەشیمان بێتەوە لە کڕینی مووشەکی بەرگریی S400لە ڕووسیا، چونکە نەک ئەمریکا بەڵکو هەموو ئەندامانی ناتۆ نیگەرانن لەو هەوڵەی تورکیا.

کێتی بایلی هوتشیسۆن نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لە ناتۆ، لە کاتی بەشداریکردنیدا لە کۆبوونەوەیەکی ناتۆ لە بڕۆکسل، داوای لە تورکیا کرد دەست لە کڕینی مووشەکی بەرگریی S400هەڵبگرێت. ئاماژەی بەوەش دا کە نزیکبوونەوەی ئەنکەرا و مۆسکۆ لە ڕووی سەربازییەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ناتۆ، چونکە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و ناکرێت لەگەڵ ڕووسیا پەیوەندی سەربازی هەبێت.کێتی بایلی گوتی: ئەگەر تورکیا ئەو مووشەکە لە ڕووسیا بکڕێت، ئەوکات پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا بەڕەو خراپی دەچێت، تەنانەت لە ڕووی هەوالگرییشەوە دەکەوێتە نێوانمان، بۆیە داوا لە تورکیا دەکەم بیر لە شتێکی لەو شێوەیە نەکاتەوە.

باسی لەوەش کرد، کە تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە سیستەمی بەرگری بۆ دابین دەکرێت، بۆیە ئەگەر ڕووسیا هەڵبژێرێت ئەوکات هەموو ئەندامانی ناتۆ نیگەران دەبن و هەڵوێستیان دەبێت.

ئاخۆ لەبارەی ئۆپەراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی فورات و مەنبەج کە تورکیا بە نیازە ئەنجامی بدات، ناتۆ هیچ ڕۆڵێکی دەبێت؟ کێتی بایلی لەمبارەوە دەڵێ: تاوەکو ئێستە بە هیچ شێوەیەک باس لەوە نەکراوە کە ناتۆ بەشداری شەڕێکی لەو شێوەیە بکات.



ویژدان و حەقیقەت لە نرخاندنی سەروەرانی کورد لە دوتوێی کتێبی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری رووناکبیرانی شاری سلێمانیدا)



زاهیر ئەحمەد سەوز / سلێمانی

ویژدان تاکە دادگایە، پرس بە یاسا و قازی نییە، حەقیقەتیش دەستەبەری گەیاندنی راستییەکانە بە خوێنەر، وەک ئەوەێ رووبداوە نەک ئەوەێ مێژوونووسی چەواشەکار دەیخوازێت. نووسین ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانی و فیکرییە، ئەوەێ ئەم حەقیقەتە رەچاو نەکات، یان لە رابردوودا رەچاوێ نەکردبێت، هەم گەمژە و هەمیش بەکرێگیراوە.

ئەوەی ئەیەوێت بە حەز و ئارەزووی خۆی مێژوو بخولقێنێ و بنووسێت یان شرۆڤەی بکات و بێ بەڵگە ئەم هەڵنێ و ئەو رۆنێ، ئەوا لە بیابانی نەزانینداا دڕک دروێنە دەکات و، چقڵ لە ویژدانی هەڵنەچەقێ، لە حاڵەتێکدا ئەگەر خاوەن ویژدان بێت. ئەنجامی ئەم کارەش، ئازاری دەروون و خەو لەچاو زڕاندنە.

گومانیش لەوەدانییە کە ستایش و زەم جێگای یەکتر دەگرنەوە و، وریاش ئەو کەسەیە، ماهییەت و مەبەستی ئەم جێگۆڕکێیە بەدی دەکات و نایشارێتەوە.

داهێنان لەوەدا نییە، نووسین یان گوفتار، تەمومژاوی هەڵگری ڕەهەندی جیاواز و جۆراو بێت و، ئاڵۆسکاو فرە ستایلی هونەری و ڕەوانبێژی لەخۆ بگرێت، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، هەم هونەری هەمیش سانا داڕێژرابێت و زۆرینە بە ئاسانی تێی بگەن و، هاوشێوەی بە قەڵەمی زڕە قەڵەمەکان بەدەستەوە نەیەت.

شیعری شاعیران، نووسینی ڕووناکبیران، فەرمایشتی کەسایەتییە ناوادارەکان، ئەگەر لە ویژدانەوە سەرچاوەی گرتبێت، حەقدەستیشی وەرنەگرتبێت، نە پیاهەڵدانی بەتاڵە، نە هەڵخەڵەتاندنی بەرامبەرە، بەڵکو ئاوێنەی واقیعی ئەو سەردەم و ڕۆژگارەن، کە لێی هاتونەتە دەنگ، ئەم هاتنە دەنگە بەرامبەر (مەلا مستەفا بارزانی)، کە هێمان بۆ جۆشدانی جەماوەر، بە مەبەستی پشتگیری لەو بەرنامە و هەنگاوانەی ئەم سەردارەی کورد لەو سەردەمەدا گرتونیەتییە بەر، کە میللەت ئومێدی زۆری لەسەر هەڵچنیبوون، شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد، ڕاستگۆیانە هەستی خۆیان بەرامبەر ئەم سەردارەی کورد (مستەفا بارزانی) کە هەم شۆڕشگێڕ، هەم خاوەن بەرنامەی سیاسی بوو، هەم بەرهەڵستکار لە مافە ڕەواکانی کورد بوو، هەم خەمخۆر لەپێناو دواڕۆژێکی ئازاد و ژیانێکی ئاسوودە بوو، هەم نیشتمانپەروەر بوو، هەم کۆڵنەدەر بوو، بە هەڵبەستێک یان نووسینێک دەربڕیو و لە کات و ساتی خۆیدا لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دیوان و کتێبەکاندا تۆمار کراون.

ڕۆژنامەنووس (زانیار سەردار قەرەچی) هاتووە و دوای گەڕان و پشکنین و ماندووبوونێکی زۆر، گشت ئەو (شیعر و پەخشان و نووسین و وێنە و دیکۆمێنتانەی، کە لەلایەن شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەڤەری سلێمانی، بەدەستهاتوون لە دوو تەوێی کتێبێکی قەشەنگ بە ناونیشانی (کەسایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا)، بە قەبارەی **22*30**سم و **896** لاپەڕە، دوای ماندوبوونێکی زۆر و هەڵدانەوەی لاپەرەکانی گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و وەرزیی و ئەلبومی کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی و، سەردانی ئەوانەی هاوەمی ئەو ڕۆژگارە بوون و، لە ژیاندا ماون و، هاوبەشی بۆنە و مێژووی ڕابردووبوون، لەم بوارەدا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێک، کە (مستەفا بارزانی) لای قەڵەم بەدەستانی شاری سلێمانی، شوێنی بایەخ و خۆشەویستی بووە و، پلەوپایە و پێگەی تایبەتی هەبووە و تا ئەمڕۆ هەیە و وەک سەردارێکی پارێزەری خاک و خەڵک، ڕۆڵی ئەرێنی بینیوە و خەباتی شاخ و شاری ئەم سەرداڕە، لەبەرچاوە و لە ویژدانی خەڵکی ئەم دەڤەرە، لە ڕێگەی شیعر و پەخشان و نووسینەوە، بە هەند وەرگیراوە و بەرزیش ڕاگیراوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و دیوانە شیعرییەکاندا تۆمارکراون.

ویژدان ڕەوتێکی مرۆڤدۆستییە لە دەرخستنی ڕاستیەکان و نرخاندنی کار و چالاکی تاک و کۆ، لە هەمان کاتدا پەنجە دانانە لەسەر هەڵەکان، نەک تومەت داتاشین و دروستکردنی بوختانی ئامادەکراو، بە سیناریۆیەکی بێ سەروبەری خەیاڵپەرست.

قەڵەمە تازە کورەکانیش، لە پەراوێزە گوماناوییەکاندا، کەسانێک قەبە دەکەن و مێژوویەکی درۆینەی بۆ ئەخولقێنن و بارودۆخێک دێننە ئارا، کە رابردووی ڕەشی لەبیر ببڕێت.

لە دێر زەمانەوە مێژووی کورد لەلایەن کەسانی غەیرە کورد نووسراوە، چۆنیان وێستووە و چەند لە قازانجیان بووە، بەو جۆرە تۆماریان کردووە، هەوڵێن حیکایەت کورد کراوە بە نەوەی جنۆکە، زۆرجار بە چەتە و ڕێگر، نەفامی تورک کردوپانە بە تورکی چەپایی و نکۆڵییان لە بوونی کورد کردووە.

عەجەمەکان ئەگەر خراپتر لە تورک نەبووبن، باشتر نەبوون و دەمبەدەمەی نەفامان هەروەتر هەنگاویان ناوە و، بە ئاور و ئاسن، شەڕی کوردیان کردووە، خۆ ئەگەر کەسێکی وەک(شێخ عوبەیدوڵای نەهری، شێخ مەحمود، سمکۆی شکاک، برایم خانی دەڵۆ، قازی محەمەد، مستەفا بارزانی و زۆری دیکەش لە سەردەمی ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەڵکەوتبێت و بەچەک بەرەنگاری داگیرکار بوبێتنەوە و داوای مافە ڕەواکانی کوردیان کردبێت ئەوا بە ڕێککەوتنامەی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و چوار قۆڵی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز، بزووتنەوە چەکدارییەکەی کوردیان لەناوبردووە.

هەرچەندە ئەم سەردارانەی کورد لەژێر خاکدان، بەڵام هەمیشە زیندوون. سەردارانی کورد بە شۆڕشە چەکدارییەکانیان شوناسیان دیارە، ئەگەر خاوەن پرۆژەی سیاسیش بووبن و بە بەڵگەوە پشتیان لە زەوی و زار دەسکەوت کردبێت، ئەوا هەم (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) لە فارسییەوە کردویە بە عەرەبی و، (هەژاری موکریانی) لە عەرەبییەوە کردویە بە کوردی.

ئەو کتێبە میژوویییانەی لەم دواییەدا، کەوتنە بەردەست و بە کوردی نووسراون، کەم و زۆر جێگەی بایەخن، سەرچاوەکانیان (مرکز الوثائق البریطانیە) و، ڕاپۆرتە نهێنیەکانی ڕووسیا و فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی زلهێزە، ئەو بەڵگە و نامەو دیکۆمێنت و وێنە و یادەوەریی، کەسانێکن کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بوون و، کەسانی شارەزا لە تەتەڵەکردن و بەدەرخستن و خوێندنەوەی ئەو بەڵگانە کە سەلیقەیان تێیدا هەیە کاریان کردووە.


لێردا دیوانە شیعرییەکان و شیعری شاعیران و پەخشان و نوفڵ و کورتە چیرۆکەکان، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن لە خوێندنەوەی مێژووی ئەو سەردەمانە.

چیرۆکی لە (خەوما)ی جەمیل سائیب، (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف، واقیعی حاڵی قۆناغی دەسەلاتداریتی شێخ مەحمودی حەفید نیشان ئەدەن.

هەروەها داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەد خانی، دەردەدڵی مەوڵانا خالیدی نەقشبەندی بە زمانی عەرەبی و لە غەریبیدا. گلەییەکانی (مەحوی) لە پیاوە کۆسەکان و، زۆری دیکەش، ئەم وەرس بوونە لەو کردار و ڕەفتارانەی، دەرهەق بە عەوام کراون، لەڕێگەی شیعر و کورتەچیرۆک و نووسین و ناڕەزایی نیشانداوە و باسکردووە. لە هەمان کاتدا و بە هەمان ئامراز لە ڕێگەی نووسینەوە ئاسۆگەلێکی گەشیان دەربارەی سەردارێکی دیکەی کورد نیشان داوە و جەماوەریان بە شیعرو نووسین جۆشداوە، بەڵگەش بۆ ئەم بابەتە کتێبی تازە کورەی ڕۆژنامەنووس (زانیار سەردار قەرەچی)یە، کە لەم ڕۆژانەدا وەک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر، کەوتە بەردەستی خوێنەران، کە بریتیە لە رازی دڵی شاعیران و هزری نووسەران و ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی بۆ (مستەفا بارزانی)، هەرەوەتریش دەیان قەڵەم بەدەستی دەڤەرەکانی دیکەو بیانی، هەمان ڕێچکەیان گرتۆتەبەرو ئەم سەردارەی کوردیان، بەسەر کردۆتەوە و بە شێوەیەکی ئەرێنی ناویان هێناوە و، ڕۆڵی نیشتمانپەروەری ئەم سەرکردەیەی کوردیان بەرزنرخاندووە.

ڕۆژنامەنووس (زانیار سەدار قەرەچی) دوای گەڕان و پشکنین و هەڵدانەوەی هەزاران لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و دیوانی شیعری شاعیران و، بەراوردکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و، گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا، لە ڕوانگەی شیعری شاعیران و پەرەموچی ڕۆشنبیران و نووسەرانی رابردوو، تاوەکو ئەمڕۆ 1979 -1903 لە دوو تەوێی کتێبێکی ناوازەدا، لە ڕووی ناوەڕۆک، هەروەها لایەنی هونەری و چاپ و دیزاینیش بەرهەمهێناوە.

ئەگەر بە مێژووی ژیان و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگایەتی ئەم سەردارەی کورد بچینەوە لە (ئاوارەیی، دەستبەسەری، سادەو ساکاری، کۆماری مهاباد و ژیانی غەریبی و شۆڕشی چەکداری، قۆناغی گفتوگۆ، بەیانی یانزەی ئازار، هەرەس، نەخۆشی، دوامانڵناوایی)، ئەوا شاعیران و نوسەرانی کورد، لە ئاست ئەم مێژووە پڕ شانازییەی (مستەفا بارزانی)، کەمتەرخەم بوون و بەراورد بەو قوربانیدان و ماندووبونە، هیچیان نەگووتووەو نەنوسیوە، چونکە (مەلامستەفا بارزانی) شایستەی زۆر لەوە زیاترە، کە بەرهەم هاتووە



سەروەرت و سامان، پارە لە بانکەکانی ناوەوە و دەرەوە، شەڕی پلەو پایە، بیرە نەوت و داگیرکردنی گرد و ڕازاندنەوەی باخ و کۆشک و قەڵا)، لە دوای دەمە لە خاوەن قەڵەمی دیارو بەویژدانە، نەک ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەک بێت، زیاتر زاتییە دەرهەق بە نەوەکانی کە لە ململانێی حیزبی و خۆبەڕێوەبردنی، دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991هاتۆتە ئاراوەو سەری هەڵداوەو کەمتر نارەزایی لە کارو چالاکی و کارو شۆڕشەکانی سەردەمی دەسەلاتی (مستەفای بارزانی)ن)..

ئەم واقیعە تاڵە لەبیر ناتوان گشت لایەنە سیاسییەکانی کوردا بەدی کراوەو ماڵوێرانی کوردی لێکەوتۆتەوە..

لەم کتێبەدا کە کاک (زانیار سەردار قەرەچی) بەرهەمی هێناوە میتۆدی هەمە چەشن، شیعر، پەخشان، وەرگرتنی ڕاوبۆچونی (ڕووناکبیران و، مامۆستایانی زانکۆ، کەسێتی سیاسی، پیاوانی ئاینی و، سەربازی، بڕای شەهید، هونەرمەند..هتد). بۆ یەک ئامانج، ئەویش بەڵام جارێکی دیکە بە شێوازێکی شایستەتر دەستیان پێ کردەوە.

گومان لەوەدا نییە کە کورد دوای نسکۆی 1975جارێکی دیکە بە گرووتینێکی زیاترەوە، دەستی دایەوە چەک و ئەم جارە لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 سەرکەوتن بەدەست هات، نوچدان ناخۆشە، نسکۆ بێ باوکە، سەرکەوتنیش خاوەنی لە ڕادەبەدەری هەیە، گرنگ لەمانە هەمووی پەند وەرگرتنە، نەک گیرفان پڕکردن.

هەر بۆ نموونە:

1- هەڵە خوێندنەوەی بارودۆخەکە، لەلایەن شێخ مەحموود لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی بە دەسەلاتی هێنا.

2- هەڵە خوێندنەوەی، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی ئەو ڕۆژگارە 1946-1947و بە گورگەسوور خواردووی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا کۆتایی هات.

3- کپکردنی شۆڕشی (زەفار) هەرێمی خوارووی سەلتەنەی عومان 1975-1965 بەناوی ئومێدی سەری نایەوە.

4- لەناوبردنی شۆڕشەکەی (عومەر موختار) لە لیبیا دژ بە ئیتالیای فاشی 1921-1911وە ئەو کۆتاییە تراجیدیایەی کە شۆڕشگێڕەکانی لیبیا و شێخی شۆڕشگێران (عومەر موختار) بەسەریان هات مایەی ئازاربوو بۆ لیبیاییەکان.

نموونەی دیکەش زۆرن لە مێژووی کۆن و نوێدا. دەبا ئەم نسکۆیەی سالی 1975ی کوردانیش ببێتە چارگێک، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کە بە دووری نازانم لە داهاتوویەکی نزیکدا، بەو ئاواتە شادبین.

لەگەڵ جیاوازی هۆکاری بە ئاوات نەگەیشتنی شۆڕشە چەکدارییەکانی کە لە سەرەوە ناوم هێنان، بەڵام یەک هاوبەش هەیە ئاکامی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە تۆشی نسکۆ بوون، هۆکاری جیاوازی جۆراوجۆریش بوونیان هەیە. و مێژوونووسە پەیوەندارەکان، لێیانیان کۆڵێوەتەوە و، شەنوکەو کراون، وەک چۆن لای ئێمەی کورد، زۆر لەسەر مێژووی دەسەلات و گەشە نەکردن و لەناوچوونی مەلیکیەتەکەی شێخ مەحموود هەیە، چەندین بەرگ لەسەر شۆڕشەکانی بارزان و ڕاوبۆچونی جیاواز لەسەر کۆماری کوردستان و نسکۆیی سالی 1975و زۆر بابەتی دیکەی هەستیار هەیە، بێگومان لەسەر شۆڕشی ئەوەی دوای (زەفار و عومەر موختار)یش هەن.

(مستەفا بارزانی) وەک سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ و، سەرداڕێکی خۆنەویشت، لە قۆناغی ڕزگاریخوازی کوردا، شایستەی لەوە زیاترە کە شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد بۆیان هۆنیوەتەوە، بە ئەرێنی ناویان هێناوە و، لەسەری دواون و بۆیان نووسیوە. شیعر و نووسینەکان هاڵاوی هەناسەی ڕاستگۆیی خاوەنەکانیانی لێ دێت بەرامبەر (مەلا مستەفای بارزانی)، لەپاڵ چیای هەندرێن و خواکورک و ناو ئەشکەوتی ئاشاواو لوتکەی حەسەن بەگ و هەندرێن و کۆڕەک، ئەو ڕۆژگارە نە مووچە و بەرات هەبوو، نە دابەش کردنی پارچە زەوی و نە بەخشینی پلەو پایە. ویژدان سەرپشک بوو.

ئەم کارەی ڕۆژنامەنووس (زانیار سەردار قەرەچی)یش هەمان هاڵاوی دڵسۆزی لێدێت، کە دوای ماندووبونێکی زۆر ئەو شیعر و نووسینانەی کۆکردۆتەوە لە بەرگێکدا، تاوەکو بخرێتە بەر دیدی خوێنەر، نەبادا هەندێک بڵێن (مستەفای بارزانی) لە شاری سلێمانی لەبیرکراوە. نەخێرو هەزار نەخێر مێژووی (مەلا مستەفای بارزانی) 1979-1903 مێژوویەکی درەوشاوەیەو ئەستێرەیەکی گەشەبەسەر شاری سلێمانیە و، لە ویژدانی کەسانی بە ئەمەکی ڕێبازی کوردایەتی، نەک حیزبایەتی تەسکدا زیندووە.

ڕۆژنامەنووس (زانیار سەردار قەرەچی) کە بە ئەرک و ماندووبوونەتی و شەونخونی و دەغیلەی بەتاڵەوە، ئەم شاکارەی بەرهەمهێناوە. هەموو شۆڕشەکانی کورد، یان وەک هەندێک قەڵەم بەدەست ناویان لێناوە، بزووتنەوەی چەکداری، بە ئامانج نەگەیشتوون و هۆکارەکانیش زۆرن و زۆرتریشیان لەسەر نوسراوە، ئەوانەی زانستیانە حەقیقەتی ئەم بە ئامانج نەگەیشتنەیان نوسیوە کەمن، چونکە (ڕق و کۆنە قین و حزبایەتی و شەڕی دەسەلات و بەرژەوەندو پاراستنی پێگەی دەسەلات و دەستکەوتی مادی و پلەو پایە، تێکەڵ بە نووسینەکان بوون، ئەم بۆچونە ڕەها نییە و کەسانی خاوەن ویژدان و زانا، لە خوێندنەوەی دیکۆمێنتەکان و بەدەرخستنی ڕاستیەکانە لە مەیدانەکەدا هەبوون و هەن، خوێندەواری وریاش، وەهم لە حەقیقەت جیادەکاتەوە، پاک لە پیس، نیشتیمانپەروەر لە خۆفرۆش تەتەڵە دەکات.

بەرزنرخاندنی ڕۆڵی مەلا مستەفایە و کاری لەسەرکراوە.

نووسەری کتێب لەم کۆکراوەیەدا، ئەوەی دەستی گەیشتۆتێ، لە کتێبەکەدا (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕوناکبیرانی شاری سلێمانیدا)، جێی کردۆتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی مەبەستە، ئەویش (مستەفا بارزانی)یە و جێگە و پێگەی سەرداڕێکی نیشتمانپەروەری بەرگرە و، لەناو نیشتمانی کتێبەکەدا لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا چڕی کردۆتەوە، ئەم ڕێبازە شکۆدارەی (مستەفا بارزانی) ئەم تامەزرۆیەی بۆ بەدەستهێنانی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد و، چەک هەڵگرتن دژ بە داگیر کەرانی کوردستان و، بزووتنەوەی چەکداری و، ئاوارەیی و، پلان، بۆ لەناوبردنی (مستەفا بارزانی)، 29/9/1971 لەلایەن دەزگا سیخوریەکەی بەعس، ئەگەر لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورددا نەبوبێت، ئەی لەپێناو چیدا، پلان بۆ لەناوبردنی لەلایەن دەزگا سیخوریییەکانی بەعس داڕێژراوە؟

پرسیارێکە و، با ئەوانەی وژیدانیان وەلا ناوە، وەلام بدەنەوە.

باشە مەلا مستەفا دوای دوا مانڵناوایی لە ژیان وەک جەستە نەک ڕابردوویەکی گەش، لەپێناو گەلەکەیدا، چی (لە مانی دونیا، ڕزگاریخوازیی، ئاوارەیی، غەریبی، دوای نسکۆ، بە نێگەتیڤ، تەنانەت گلەییەکیشیان بەیان نەکردووە، ئەگەر هەیە کوا؟! ڕووی دەمم لە خاوەن قەڵەمی دیارو بەویژدانە، نەک ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەک بێت، زیاتر زاتییە دەرهەق بە نەوەکانی کە لە ململانێی حیزبی و خۆبەڕێوەبردنی، دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991هاتۆتە ئاراوەو سەری هەڵداوەو کەمتر نارەزایی لە کارو چالاکی و کارو شۆڕشەکانی سەردەمی دەسەلاتی (مستەفای بارزانی)ن)..

ئەم واقیعە تاڵە لەنێوان گشت لایەنە سیاسییەکانی کوردا بەدی کراوەو ماڵوێرانی کوردی لێکەوتۆتەوە..

لەم کتێبەدا کە کاک (زانیار سەردار قەرەچی) بەرهەمی هێناوە میتۆدی هەمە چەشن، شیعر، پەخشان، وەرگرتنی ڕاوبۆچونی (ڕووناکبیران و، مامۆستایانی زانکۆ، کەسێتی سیاسی، پیاوانی ئاینی و، سەربازی، بڕای شەهید، هونەرمەند..هتد). بۆ یەک ئامانج، ئەویش

بەرزنرخاندنی ڕۆڵی مەلا مستەفایە و کاری لەسەرکراوە.

نووسەری کتێب لەم کۆکراوەیەدا، ئەوەی دەستی گەیشتۆتێ، لە کتێبەکەدا (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕوناکبیرانی شاری سلێمانیدا)، جێی کردۆتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی مەبەستە، ئەویش (مستەفا بارزانی)یە و جێگە و پێگەی سەرداڕێکی نیشتمانپەروەری بەرگرە و، لەناو نیشتمانی کتێبەکەدا لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا چڕی کردۆتەوە، ئەم ڕێبازە شکۆدارەی (مستەفا بارزانی) ئەم تامەزرۆیەی بۆ بەدەستهێنانی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد و، چەک هەڵگرتن دژ بە داگیر کەرانی کوردستان و، بزووتنەوەی چەکداری و، ئاوارەیی و، پلان، بۆ لەناوبردنی (مستەفا بارزانی)، 29/9/1971 لەلایەن دەزگا سیخوریەکەی بەعس، ئەگەر لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورددا نەبوبێت، ئەی لەپێناو چیدا، پلان بۆ لەناوبردنی لەلایەن دەزگا سیخوریییەکانی بەعس داڕێژراوە؟

پرسیارێکە و، با ئەوانەی وژیدانیان وەلا ناوە، وەلام بدەنەوە.

باشە مەلا مستەفا دوای دوا مانڵناوایی لە ژیان وەک جەستە نەک ڕابردوویەکی گەش، لەپێناو گەلەکەیدا، چی (لە مانی دونیا،



سەرەڕای ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی

ئازاد جەباری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کوتلەی یەکێتی: ئێمە وەکو ئەندامانی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەشداری کۆبونەوەکەی ڕۆژی 18ی مانگ ناکەین

دارڤان بامەرنی

ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (بەروالەت) و ئەوەندەی لە میدیاکان و لە پرێس کۆنفرانسەکانی پاش کۆبونەوەکانیان لە گەڵ پارتی ڕادەگەیێنن، کە ئەوان دەخوازن بارودۆخی کەرکووک لە گەڵ پارتی تاوتوێ بکەن و لەگەڵ پارتی نەخشەڕێگایەک بۆ داهاتووی ئیدارەدانی کەرکووک دارێژن. بەڵام واپێدەچێت کە یەکێتی جدیی نەبێت لەم هەنگاوەیان!!. ئینجا نازانم ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ (گرێ کوێرەی بڕیار) لەناو سەرکردایەتی یەکێتی؟!، یاخود ئەوان (باڵێکی ناو سەرکردایەتی یەکێتی) ناتوانێت خۆی لە هەژموونی ئەجیندایەکی ئەقلیمی رزگاربکات!، یان ئەو باڵەی یەکێتی خۆی یەکلاکردۆتەوە کە چارەنووسی خۆی هاوبەستەی خواست و هەژموونی ئەو ئەجیندا ئەقلیمییە بکات؟!.

لێرەدا چاوەڕێرانی سیاسی واقیان وڕماوە ؟! لە پێشبینی کردنی خواست و هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستاندا، چونکە بڕیار و هەڵوێستی یەکێتی، پەیوەست نییە بە هیچ تاکتیک و ستراتیجیا و بنەمایەکی سیاسی و نیشتیمانی، هەروەها ناوەندی بڕیار لە نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ئاشکرا و دیارنییە ؟!، هەروەها چەندین فاکتەری دیکە هەن؟! (لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نییە) کە دەبنە ئەگەری ئەوەی کەلەلایەن چاوەڕێرانی سیاسییەوە پێشبینی هەڵوێست و بڕیاری یەکێتی نەکرێ. بەڵام لێرەدا چەند ڕاستییەک هەیە کە بۆ چاوەڕێرانی سیاسی خەڵکی کوردستان ڕوون بۆتەوە کە، کە:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناوەندێکی بڕیاری دیاریکراوی نییە!.

ئەم خەسڵەتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، تەنانە گوتار و ڕاگەیاندنی پەیامی سیاسی لە نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، سەنتراڵ و یەک ئاراستە نییە!.

ئینجا نازانم ئەم حزبە چۆن؟ لە گەڵ حزبێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەدەری دەکات! کە بە حزبێکی نیشتیمان پەروەر و ڕاستگۆ و خاوەن مەبدەئ و مولتەزیم ناسراوە.

بەهەرحاڵ... بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونەم لەپارەگرافی سەرەوە نووسیومە پشتراست بکەمەوە، لێرەدا دەقی ڕاپۆرتە هەواڵکی ڕادیۆی (دەنگی ئەمریکا) دەخەمەروو کە ڕۆژی سێشەممە **12/2/2019** بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا لێدوانی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک (کوتلەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بڵاو کراوەتەوە و باس لە وە دەکات، ئەوان (کوتلەی یەکێتی) بە شدارنابن لە کۆبوونەوەی **18**ی مانگ ، کە ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بانگەشەی بۆ کردووە لە پێناو دانانی نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەر کردنی کێشە و ئیدارەدانی شاری کەرکووک. ئینجا نازانم ئاخۆ لە کاتی دیاریکراودا (کوتلەی یەکێتی) بەشداری ئەم کۆبوونەوە دەکات یان نا ، لەکاتێکدا لە کۆبوونەوەی پێشتری نێوان پارتی و یەکێتی بڕیاردراوە کە هەردوولا بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن، بۆیە لەسەرووە گوتمان کە یەکێتی (گرێکوێرەی بڕیاری هەیە) و یەک ئاراستە و یەک هەڵوێست و یەک بڕیار نییە!.

ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاپۆرتە هەواڵکەی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکایە، کەڕۆژی سێشەممە **12/2/2019**بەڵاوی کردۆتەوە:

"ئەمڕۆ سێشەممە" ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بانگهێشتی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بێت، بەو پێیەی هیچ کام لە کوتلەکانی عەرەبی و تورکمانی تێیدا بەشدار نابن.

ئازاد جەباری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند"لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە ڕۆژی **18**ی مانگ کۆدەبینەوە."

وتیشی"لە ئیمەیڵەکەدا شوێنی کۆبوونەوەکە دەستنیشان نەکراوە، بەڵام ڕێبوار تاڵەبانی سەرپەرشتی دەکات."

بەپێی وتەی ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لە ئاگادارکردنەوەکەدا، ئاماژەدراوە بەوەی لەکۆبونەوەکەدا تاوتوێی دۆخی کەرکوک دەکرێت.

گەر کۆبوونەوەکەی ڕۆژی **18**ی ئەم مانگەی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت، ڕەنگە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بێت، بەو پێیەی هیچ کام لە کوتلەکانی عەرەبی و تورکمانی تێیدا بەشدار نابن.

ئازاد جەباری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کوتلەی یەکێتی، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند"ئێمە وەکو ئەندامانی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەشداری کۆبونەوەکەی ڕۆژی **18**ی مانگ ناکەین، گەر بزانین پارێزگار هەڵنابژێردرێت و کێشەکان یەکلایی ناکرێتەوە."

کۆبوونەوەی ڕۆژی **18**ی ئەم مانگەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە بڕیارە لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێت، لەکۆبونەوەی نێوان یەکێتی و پارتی دا ڕێککەوتن لەسەری کراوە.



خالد ئەحمەد بادی

نهێنیا پێشکەفتنا مللەتان خویندنە

زانا وەرەوشەنبیرێ بەرنیاس (د . ابراهیم الفقی) دبێژیت (هشیار بی نەبێژە ئەز نەشێم بەلێ بێژە من نەڤێت ئەگەر تە ڤیا بگەهییە ئارمانجەکا دەست نیشانکری بێ گومان دێ بدەست خو ڤە ئینیی وئەم هەمی دشێن ئارمانجان بدەست خو ڤە بینین لێ مە نەڤێت بکەین) ئانکو هەمی مروڤان شیانێن مەزن یێن هەین کو ب سەر کەڤن لێ خو ماندو ناکەن چونکە زور ڕێکێن سەرکەفتنێ یێن هەین وڕێکا ژهەمیان باشتر وبهێز تر بو سەرکەفتنێ ڕێکا زانست وپەروەردێ یە وهەر تاکەک یان مللەتەک یان وەلاتەک پێشکەتبیت یان سەرکەفتن بدەست خو ڤە ئینابن بێ گومان ئەو ب زانست وزانین وپەروەردێ یە . زانست ئەو چەکە یێ مینا موشەکا دور هاڤێژ کو دگەهیتە جهێن دویر و ب زانستی دێ هندەک ئاڤاهی هێنە ئاڤا کرن یێن خورستی ومەزن کو مفا ژێ بهێتە دیتن ونەزانین دێ هندەک خانیان خراب کەت یێن ب زانینێ هاتینە ئاڤا کرن . زانست چەکەکێ مەزن وبهێزە ددەست مللەتان دایە لێ پتریا مللەتان نزانن گرنگیا ڤی چەکی چەندە هەر مللەتێ زانست وپێنوس کریە چەکێ خو بێ گومان ب سەرکەفتینە . ماموستایەکێ زانکوێ ل زانکویەکا جنوب ئەفریقیا نامەیەک ئان کو تابلویەک دروست کریە بو قوتابیێن خو یێن قوناغێن خویندنا بکالوریوس و ماستەر ودکتورایێ نڤیسی یە وب سەر دەرگەهێ سەرەکی یێ زانکویێ ڤە هەلاویستی یە وئەڤە دەڤێ وێ یە (نەهێلان وژناڤبرن وبنبرکرنا دەولەت و مللەتان پێتڤی ب چ بومبە یێن ئەتومی یان موشەکێن دویر هاڤێژ ناکەت بەلێ ئەگەر حەز هەبن کو مللەتەکی بنبر بکەیی دێ جورەتیا زانستی کێم کەی ودێ ڕێکێ دەنە قوتابیان کو قوپیا وغشێ بکەن ودێ نەخوش لسەر دەستێ وان نوژداران مرن یێن ب غشێ بوینە نوژدار ودێ خانی وئاڤاهی هێنە هەرفاندن لسەر دەستێ وان ئەندازیارێن ب غشێ بوینە ئەندازیار وژتالیێ دراڤی وبازرگانی وپروژەییێن بازرگانی ڤە دێ خوسارەت بن لسەر دەستێ ژمێریارەک وئابوریناسەکێ ب غشێ بویە ژمێریار یان ئابورناس ودێ ئایێن مریت دەدەستێ زانا ومەلایەکێ ب غشێ ب سەرکەفتی و دێ دادپەروەری بەرزە بیت لسەر دەستێ دادوەر وپاریزەرەکێ ب غشێ بویێ ودێ نە زانین بەربەلاڤ بیت لسەر دەستێ مامۆستا یەکێ ب غشێ سەرکەفتی وب غشێ دێ زانست وپەروەردە هێنە هەرفاندن ودێ گەل هێنە بنبر کرن ودێ نەزان مینن) . ل داوییێ فەرە بێژین هەر مللەتەک و وەلاتەکێ سەرکەفتی ب ڕێکا زانستی وپەروەردەکا جوان وراستەقینە ب سەرکەفتینە وڕێکا شەر وجەنگان بەردایە وڕێکا زانست وزانین وپەروەردێ گرتینە وکەفتینە درێزبەندێن بلند ومەزنێن ناوەندین جیهانێ دا ومللەتێن خو ب سەرفەرازی وسەرکەفتیانە بڕێڤە دبەن وکرینە مروڤێن نمونە وپلە ئێک لسەر ئاستێ جیهانێ کو هەمی وەلاتێن دی ژی پێتڤیەکا مەزن ب وانان هەیە لەوما دبێژم ئەو نهێنیا مللەت وەلات پێ سەردکەڤن بتنێ زانست وپەروەردەکرنە .

کوردستان لە چاوەڕوانێ قۆناغی گەشەکردنێکی بەهێزدایە



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ئەگەر بە واقیعیانە و وێژدانەوە بروانییە مێژوویی و حکومڕانی سەختی چوار ساڵی ڕابردوودا بەڕێز نێچیرڤان بارزانیی بووە فریادرەسی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی نالەبار و پڕ لە قەیراندا ، سەرەڕای ئابلووقەکانی سەر کوردستان توانیویەتی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو زۆبەی وڵاتانی جیهان بنیاتبنێت و ، بەرژەوەندی زۆر لە وڵاتانیش بێنێتە کوردستان کە ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی کوردستان و دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیژی لە کوردستان بەتایبەت لە بواری دەرهێنان و هەنارەکردنی نەوتدا.

جگە لە بواری دیپلۆماسیدا نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی کابینەکانی حکومەتی کوردستان ڕۆڵێکی کارای بینیوە لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی کوردستان و ، هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی گەمارۆکانی سەر کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، لەدوای ڕووداوەکانی **16**ی ئۆکتۆبەری **2017**بە هەموو شێوەیەک ناحەزانی کوردستان هەوڵی کەوتنی حکومەتی کوردستانیاندا، بەڵام نێچیرڤان بارزانی ڕووبەڕووی هەڕەشەو پیلانەکان وەستایەوەو خۆڕاگرانە هەوڵی تێکشاندنی هەڕەشەو پیلانەکانی سەر حکومەتی کوردستانی دا و ، لەم ڕووەوەش هەنگاوی گرنگی نا بە تایبەت لە ڕووی دیپڵۆماسییەوە ، توانی لە ماوەیەکی کەمدا گەمارۆی دیپلۆماسی سەر کوردستان تێکبشکێنێت. هەروەها بەڕێز مەسرور بارزانی کەسایەتییەکی وردبین و دووربین و خودان هزرو ڕامان و بەرنامەیە لە کارکردندا، ئەمە وا دەکات کارنامەی حکومەتی داهاتووی کوردستان کارنامەیەکی دەوڵەمەند و پڕ ئەزموون بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو ئاستەنگانەی کەوا ئێستا لەبەردەم حکومەتی کوردستاندان، مەسرور بارزانی وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی کوردستان بپارێزێت و هێمنی و ئارامی بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، سەرەڕای کارەکەی خاوەن پەیوەندییەکی بەتینە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانی جیهان و نزیکی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهانیشە، لە کاتی هێرش و پەلامارى تیرۆیستانی داعش بۆ سەر کوردستان بەردەوام وەک پێشمەرگەو هاوکارێک لەگەڵ جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەنگەری بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و پاراستنی سەر و مالی هاوڵاتیان مایەوەو ڕۆڵی کاریگەرانەی خۆی بینی. لە هەڵمەتی سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، مەسرور بارزانی ڕۆڵیکی گرنگی بینی و هاوکارێکی کاریگەری سەرۆک مەسعود بارزانی بوو ، بە خەبات و خۆڕاگری سەرۆک مەسعود بارزانی و پرۆسەی ڕیفراندۆم بەڕێژەی **93%**ی دەنگی خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) سەرکەوت، ئەگەر ڕووداوەکانی دوای **16**ی ئۆکتۆبەری **2017** ڕووینەدابووا، ئێستا کوردستان لە ڕەوشێکی زۆر پێشکەوتووتر دادەبوو ، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانەکانی دوای **16**ی ئۆکتۆبەریش مەسرور بارزانی بە سیاسەتی وردبینانەو دووربینانەی خۆی توانی ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت و خەونی ناحەزان لە گۆڕ بنێت. کوردستان بگەیێنێتە کەنارى ئارامی و ئێستاکەش نیگا وهیواکان بە ئاراستەی حکومەت و کوردستانێکی بەهێزە لە پێناو خزمەتگوزاری و پێشکەوتنی نیشتیمان.

پارتی دیموکراتی کوردستان سالانێکە دەستی بە ئاوەدانی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کردووە، لەگەڵ هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا توانیوێتی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا خزمەت بە هاووڵاتیانی هەرێم بگەیێنێت، ئەویش لە ڕێگەی سیاسەتی هەنارەکردنی نەوتی کوردستان. هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە، گرینگیی خۆی هەیە، دەکەوێتە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا، لە ڕووی سامانی ژێرزەویشەوە، وەک نەوت و غازی سرووشتی، زۆر دەوڵەمەندە، ئەوەش وا دەکات هەرێمی کوردستان بتوانێت ببێتە هاوبەشێکی باش لە دابینکردنی وزە بۆ جیهان، پێش 5ساڵیش حکوومەتی کوردستان سیاسەتی دانانی بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێمی بۆ تورکیا دەست پێکرد، بۆڕییەکە لە خورمەڵەوە دریژ دەبێتەوە تا فیشخابوور، ئێستایش ڕۆژانە لە ڕێی ئەو بۆڕییەوە هەرێمی کوردستان نەوت هەنارەدەی دەرەوە دەکات، هاوکات لە هەوڵی زیاترکردنی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتیشدایە.پارتی، ئەو حزبەیە کار بۆ سیستمێکی ئابووریی پتەو دەکات تا لە ڕێیەوە خزمەت بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات، هەبوونی ئابووریەکی بەهێز، واتە بنیاتنانی وڵاتێکی بەهێز و ئارام، نێچیرڤان بارزانی کە جێگری سەرۆکی پارتییە و لە کەشتییەکی بوو لە نێو زەریاییەکی پر تۆفان و زریان بۆ گەیاندنی هەرێمی کوردستان بە کەناری دڵنیایی کە دیاربوو ئەگەر سووکانداری ئەو کەشتییە بە حیکمەت و لێهاتوویی نەبوایە ، مەحاڵ ئەو کەشتییە بگاتە کەنارى دڵنیایی و ئارامی. قۆناغی ئێستامان و لە نێو گێژاوی قەیران و پیلانگێڕییەکان لەم قۆناغە هەستیارە و لە پێناو ڕێگری کردن لەو ڕووداوانەی، کە ئەگەری ئەوەیان هەیە ببنە مایەی هەڕەشە لەسەر مانەوەی کۆمەڵگا و حکومەت پێکەوە، یان لەمپەر لەبەردەم هاوکێشەی دیموکراسی دروست دەکەن و ناهێڵن پەرەپێدەری نیشتمانی سەردەست بێت، پارتی دیموکراتی کوردستان زەمینەسازی دەکات بۆ هەبوونی هاوبەشی و هاوپەیمانێتی. ئێمە پێمان وایە گرینگترین پەرەپرسیارێتی حکومەت، کە لەماوەیەکی دیاریکراودا بە سەرپەرشتی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرکەوتووانە پێک دەهێنرێ، بریتی دەبێ لە چەسپاندنی سەروەری هەرێم و سەپاندنی یاسا بەسەر سەرجەم ناوچە کوردستانیەکان و بەهێزکردنی توانا سەربازی و ئەمنیە فەرمییەکان و بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کارکردن بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و هەنگاونان بەرەو بنبڕکردنی گرفتە درێژخایەنەکان و پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتمانی و تێشک خستنە سەر جێ بەجێکردنی ماددەی **140**ی دەستور لە لایەن حکومەتی بەغدا. ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی لە بواری دارایی و نەوت و پاراستنی سەقامگیری ئاسایشی و یەکبوونی نیشتمانی دەبێتە هۆکاری بزاڤدنی ڕەوڕەوەی ئابووری و بووژانەوەی گەشتیاری و وەبەرهێنان و دەستەبەرکردنی هەلی کاری نوێ و گەڕانەوەی توانا کان بۆ هەرێم لە پێناو هاوکاریکردن لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی هەرێم و بەرەنگاربوونەوەی بێ کاری و بەرز ڕاگرتنی ئاستی زانستی زانکۆکان و گرینگیدان بە پرسی ژینگە، کە لە پێناو پاراستنی پێویستمان بە دانانی کۆمەڵێ یاسای تایبەتە. دەستەبەرکردنی بەشداری سیاسی و کاراکردنی لە هەرێم مەرجە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و حوکمڕانی دیموکراسی و پەرەپێدانی گیانی نیشتیمان پەروەری. لەهەمان کاتدا ڕەخنەی بونیادنەر لە لایەن ئەو بەرانبەر، کە بەشدار نابن لە دەسەڵات ڕێبازێکی پێویستە لە چوارچێوەی ڕەخنەی بونیادنەر و خزمەتگوزار. دروستکردنی متمانە و گواستنەوەی ڕاوێژکاری وورد بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و سەکۆ و گۆڕەپانەکان. بەدڵنیاییەوە کابینەی نوێ و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەڕێز مەسروور بارزانیی بە هەموو توانایەکەوە تێدەکۆشێ لە پێناو خزمەتگوزاری و گەشەسەندنی وڵات و کوردستانێکی بەهێزلەم ڕووەوە ئەزموونی دەوڵەمەندی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پالپشتی حکومەتی نوێی کوردستان دەبێت و پێوستە هەموومانیش پشتیوانی کابینەی نوێ بین.

گرینگی بەو کێشە هەنووکەییانە دەدەن، کە هاوڵاتی بەدەستیانەوە دەنالێ، بە تایبەتی لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و شێوەی هاندانی ئابووری. پێویستە حکومەتی نوێ لە ناوەوە کار لەسەر ڕێکخستنی نێومالی کوردستانی بکات و توانا کان فراوانتر بکات بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانی هەرێم و زەمینەسازی بکات بۆ بەکارهێنانی فەرهەنگێکی هەزری، کە کار لەسەر پرۆژەکانی چاکسازی و وەرچەرخانی بونیادنەر بکات بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسیەت لە پێناو پاراستنی هەرێم بەرامبەر بەو هەوڵانەی، کە مەبەستیانە دەستکەوتەکانمان لێ زەوت بکەن، پێویستە بەردەوام خوێندنەوەی سەردەمیانەمان هەبێ بۆ مللمانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان و ڕێگر بین لە دەستێوەردانی دەرەکی بۆ کاروباری ناوخۆی هەرێم و زیاتر کار پێکەوە بکەین لەسەر ستراتیژی بەرگری نوێ و میکانیزمی ژمارەیی بدۆزینەوە بەڕێوەبردنی ململانێیەکان. بەدڵنیاییەوە کابینەی نوێ و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەڕێز مەسروور بارزانیی بە هەموو توانایەکەوە تێدەکۆشێ لە پێناو خزمەتگوزاری و گەشەسەندنی وڵات و کوردستانێکی بەهێزلەم ڕووەوە ئەزموونی دەوڵەمەندی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پالپشتی حکومەتی نوێی کوردستان دەبێت و پێوستە هەموومانیش پشتیوانی کابینەی نوێ بین.

کاکەمین نەجار: دەمانەوێ حکومەتێکی بەهێز دروست بکەین و لایەنە سیاسییەکانیش بەپێی ڕێژەی کورسییەکانیان بەشداریی کارا بکەن



لە بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر لە گەڵ بەرپرسی لقەکانی سنوری پارێزگای هەولێر و پارێزگاری هەولێر و کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەکان کۆبۆوە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکە کاکەمین نەجار ڕەوشی ئێستای کوردستانی خستە بەرباس و ڕایگەیاند: ڕەوشی ئێستای کوردستان لە هەموو بوارەکان گەشەکردنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ. لە درێژەی وتەکانی کاکەمین نەجار داوای لە کادیرانی پارتی کرد وەک هەمیشە لە ناو جەماوەر و لە گەڵ خەڵک بن بۆ ئەوەی ئاگاداری کێشە ڕێژەی کورسییەکانیان بەشداری کارا بکەن لە حکومەتی داهاتوو بە ئامانجی بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز بۆ ئەوەی کوردستان لە هەموو بوارەکان گەشەکردنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ. لە درێژەی وتەکانی کاکەمین نەجار ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی دەمانەوێ حکومەتێکی بەهێز دروست بوونیەوە بۆ پاراستن و خزمەتی خەڵکی کوردستان هاتۆتە بوون و دەبێ ئێمە شەو و ڕۆژ دەرگاکانمان والا بێت لە گوێ لە داوا و داخوازی خەڵک بگرین. دواتر سەرۆکایەتی خزمەتی خەڵک بکەن چونکە پارتی لە سەرەتای دروست بوونیەوە بۆ پاراستن و خزمەتی خەڵکی کوردستان هاتۆتە بوون و دەبێ و گرفتەکانیان بن و لە گەل لایەنی پەیوەندار لە سنورەکانیان خزمەتی خەڵک بکەن چونکە پارتی لە سەرەتای دروستبوونیەوە بۆ پاراستن و خزمەتی خەڵکی کوردستان هاتۆتە بوون و دەبێ نێوانمان چارەسەر دەکەین. لە بارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، کاکەمین نەجار ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی دەمانەوێ حکومەتێکی بەهێز دروست بکەین و تەواوی لایەنەسیاسیەکان بەپێی

بەرپرسێ لقا ئێک: دقێت دپلانێت مەدابن دێ چاوا ئەم پتر خزمەتا تەخا هەژار و کێمدەرامەت کەین



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا 40 بەرپرسێن ڕێکخراوێن جڤاکێ سڤیل ل سنورێ هەردوو پارێزگەهێن هەولێرو سلێمانی کر، ئەویێن د بوارێن جودا جودایێن ژیانا کوردستانیاندا کاردکەن، ئەڤەو ل دەسپێکێ نوینەرێ ڤان ڕێکخراوێن جڤاکێ سڤیل سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژبۆ ڤێ پێشوازیێ و پاشان ئاشناییەک ئێخستە سەر بەرنامێ کارێ خوە ژبو پارێزگەها دهوکێ و دڤێ سەردانا خودا دێ چەندین هەڤدیتنا دبوارێن جوداجودا دا ئەنجام دەن و یا ژ وان هەمیا گرنگتر و بەرچاڤتر دێ سەرا هند مالباتێن سەربلندێن شەهیدێن کوردستانێ دەن، ئەڤە و پاشان بەرپرسێ لقێ بخێرهاتناوان کر ژبو پارێزگەها دهوکێ و پاشرا گوت هەوە ئەرک و بەرپرسیاریەک مەزن ل سەر ملیێت هەوەیە وەکۆ ڕێکخراوێن جڤاکێ سڤیل و دڤێت ب هویری ژی ل سەر خواست و پێشنیارێن خوە بکەن بۆ ئەوێ ئەم بشێن پتر خزمەتا خەلکێ بکەین و ئەم ژی ل سەر خواست و پێشنیارێن وان ئەرکێن خوە ب باشی بجهێنین. ئەڤە ژی ئەم ب دلخوازی خوە ڕادگەهێنین کو ئەم ژ بۆ خزمەتا خەلکێ هاتینە سیاسەتێ و ئەم ژ بۆ خزمەتا خەلکێ ل سەر کورسیێ نە.

www.xebat.net
پێنجشەممە 2019/2/14 ژمارە (5694)

وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان تاوتوێ دەکەن



دوێنێ، زۆرێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ وەزیری پەروەردە کۆبوونەوە و چەندین پرس و کێشەی پەروەردەیی تاوتوێ کران. بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان و سەرپەرشتیاری و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لەو کێشانە کرد کە ئێستا هەن و پرسەکانی تایبەتی خۆیان لەگەڵ دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتیی دیوان باس لەسەر دۆزینەوەی ڕێکاری دروست و جێبەجێکردنی بڕیارەکان کرا کە لە بەڕژەوەندی قوتابی و خوێندکاران و مامۆستایان بە گشتی و کەرتی پەروەردەن بە تایبەتی.

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی کۆمەڵێک تاوانبار و داخستی ژمارەیەک کۆگای دەرمانی ڕاگەیاند



بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، دەستگیرکردنی کۆمەڵێک تاوانبار و داخستی ژمارەیەک کۆگای دەرمان و دەرمانخانە و نۆڕینگەی لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕاگەیاند.

دوێنێ کاتژمێر 11ی ڕێکەوتی 12ی ئەم مانگە، پرێسکۆنفرانسێک بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لیوای ماف عەبدولخالق تەڵعەت عوسمان بە هاوڵێی بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی مقەدەمی ماف سۆران مەحمود برایم ساز کرا.

سەرەتا بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕێنمایەکانی قەدەغەکردنی چەکی قورسی بۆ میدیاکان ڕوون کردەوە و دواتر باسی لە 8 تاوان کرد، کەوا 22 تاوانبار لە ماوەکانی ڕابردوودا لە شاری هەولێر ئەنجامیان دابوو.

پاشان مقەدەم سۆران پوختەی چەند کار و چالاکییەکی پۆلیسی شارەوانی لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری قایمقامیەتی هەولێر خستە ڕوو، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون.

داخستی 56 کۆگای دەرمان و دەرمانخانە و نۆڕینگە لە سنووری پارێزگای هەولێر. سزا و پێبژاردنی دەرمانخانە و کۆگا و شوێنە گشتییەکان بە بڕی 90 ملیۆن دیناری عێراقی. لەناوبردنی 6 تەن دەرمانی جۆراوجۆر و ماوەبەسەرچوو و قاچاغ.

دەستگیرکردنی 35 هاووڵاتیی سەرپێچیکار بە مەبەستی جۆراوجۆر.

تێکدانی 18 خانوو و دووکان و سیاج کە بە زێدەڕۆیی دروست کرابوون.

داخستنی 6 شوێنی قومارخانە و یاریە ئەلیکترۆنییەکان. داخستنی 21 کۆمپانیا و شوێنی فرۆشتنی دەرمانی کشتوکاڵیی بێمۆڵەت.

دەستبەسەرداگرتنی 2 تەن دەرمانی کشتوکاڵیی ماوەبەسەرچوو. داخستنی 11کۆمپانیای فرۆکەوانیی بێمۆڵەت.

پارێزگەها دهۆکێ.. پرۆژێ ئەلکترونیکرنا پلێتێن ئاهێن خارنێ هاتە ڕاگەهاندن



خەبات- دهۆک: دوهی سپێدێ 2019/2/13 ل ڕێڤەبەریا ڕێکخستنا پلێتێن ئاهێن خارنێ ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ و نونەرێن وەزارەتێن بازرگانی بێن ئیراقێ و هەرێما کوردستانێ وسالی هیدوک بەرپرسا ڕێکخراوا WFP ل ئیراقێ وچەند پەرلەمانتەران وفەرمانگەهێن پەیوەندیدار پرۆژێ ئەلکترونیکرنا پلێتێن ئاهێن خارنێ هاتە ڕاگەهاندن.

لبەراهیێ حسێن سەبری ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها ڕێکخستنا پلێتێن ئاهێن خارنێ ل دهۆکێ پەیڤەک پێشکێشکر وچەند ڕونکرن دانە سەر گرنگی وشێوازێ چێکرنا پلێتێن ئەلکترونی وتەکەزکر کو ئەلکتونیکرنا پلێتێن ئاهێن خارنێ دێ کاروبارێن بریکارێن ئاهێن خارنێ و وەلاتیان ئاسانتر وسڤکتر کەت. پاش پارێزگەرێ دهۆکێ پەیڤەک پێشکێشکر وخوشحالیا دیارکر کو پارێزگەها دهۆکێ هاتیە دەست نیشانکرن کو دومێن جهە ل سەر ئاستێ ئیراقێ و ئێکەم ل سەر ئاستێ هەرێمێ پرۆژێ ئەلکتورنیکرنا پلێتا ئاهێن خارنێ لێ بهێتە بجهکرن و تەکەزکر کو هەکە ئەڤێ پرۆژەی سەرگرت دێ کاروبارێن وەلاتیێن پارێزگەهێ و بریکارێن ئاهێن خارنێ زور ب ساناهیکەت و سوپاسیا هەموو لایەنان کر بێن پرۆژە بەرهەڤکری و پشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان بو هەر ئاسانکاریەکێ بو وێ یەکێ پرۆژە ب ڕەنگەکێ باش بهێتە ئەنجامدان. پاش پەیڤێن وەزارەتا بازرگانیا ئیراقێ و هەرێما کوردستانێ و ڕێکخراوا WFP ل ئیراقێ هاتنە خاندن وگرنگیا پرۆژەی بەرچاڤکرن. پاش تیمێ تەکنیکی ل ڕێڤەبەریا ڕێکخستنا پلێتێن ئاهێن خارنێ ڕونکرن دانە سەر شێوازێ چێکرنا پلێتێن ئەلکترونی بێن ئاهێن خارنێ وپرۆژە هاتە ڕاگەهاندن. هەژی گوتنێیە پرۆژە ب هەڤکاریا ڕێکخراوا WFP ل ئیراقێ دێ هێتە ئەنجامدان و بو ماوێ شەش هەیڤا دێ بەردەوامکەت پاش هەلسەنگاندنا پرۆژەی دێ هێتە کرن وهەکە یێ سەرکەفتی بو دێ ل هەموو پارێزگەهێن ئیراقێ وهەرێما کوردستانێ هێتە بجهئینان.

هەولێر... دووەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی پسپۆڕییە ئەندازیارییەکان بەڕێوەچوو



دوێنێ چوارشەمە، زانکۆی تەکنیکی باکوور-کۆلێژی تەکنیکیی ئەندازیاری-موسڵ لە هۆڵی بۆنەکان لە هۆتێل شیراتۆن، کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی دووەمینی خۆی بۆ پسپۆڕییە ئەندازیییەکان بەست کە ئەمڕۆش بەردەوام دەبێت، کۆنفرانسەکە بە پاڵپشتیی تەکنیکیی دامەزراوەی IEEEی ئەمریکی بەڕێوەدەچێت و تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕان و توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ و نوێنەرانی چەند زانکۆیەکی عێراق ئامادەی بووبوون.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی زانکۆی تەکنیکی ئەندازیاریی موسڵ، محەمەد غانم ئەیوب لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو ڕایگەیاند: زانکۆی تەکنیکیکی باکوور کە خۆی لە کۆلێژی تەکنیکیی ئەندازیاری-موسڵ پێکهاتبوو لە یۆشیکۆ هاسۆمی بەڕێوەبەری ئۆفیسی مافی مرۆڤ و ژنان لە هەرێمی کوردستان لە دوێنێ چوارشەمە، زانکۆی تەکنیکی باکوور-کۆلێژی تەکنیکیی ئەندازیاری-موسڵ لە هۆڵی بۆنەکان لە هۆتێل شیراتۆن، کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی دووەمینی خۆی بۆ پسپۆڕییە ئەندازیییەکان بەست کە ئەمڕۆش بەردەوام دەبێت، کۆنفرانسەکە بە پاڵپشتیی تەکنیکیی دامەزراوەی IEEEی ئەمریکی بەڕێوەدەچێت و تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕان و توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ و نوێنەرانی چەند زانکۆیەکی عێراق ئامادەی بووبوون.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی زانکۆی تەکنیکیی ئەندازیاریی موسڵ، محەمەد غانم ئەیوب لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو ڕایگەیاند: زانکۆی تەکنیکیکی باکوور کە خۆی لە کۆلێژی تەکنیکیی ئەندازیاری-موسڵ پێکهاتبوو لە یۆشیکۆ هاسۆمی بەڕێوەبەری ئۆفیسی مافی مرۆڤ و ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی دووەمی زانستیی نێودەوڵەتی دووەمینی خۆی دەبەستێت بۆ پسپۆڕییەکانی ئەندازیاری لەهەولێر دەبەستێت، لە کۆنفرانسەکەدا زیاتر لە 50 توێژەر ئامادەن و بەشێکییان توێژینەوەیان هەیە و لێرەدا لەم کۆنفرانسە دەیخەنە ڕوو کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی: مەبەست لەم کۆنفرانسە خستنەڕووی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجیا و ئەندازیارییە بە شێوەیەکی گشتی، جگە لە نیشاندانی چەندین توێژینەوەی نوێ کە چەند توێژەرێک ئامادەیان کردووە و تایبەتمەندە بە بواری ئەندازیاری.

لە کۆنفرانسەکە چەند توێژینەوەیەک خرانەڕوو، پاشان ڕێزلێنان بەسەر چەند سێزنسەر و پاڵپشتێکی کۆنفرانسەکە دابەشکرا، هەروەها نوێنەرانی زانکۆ بەشدارەکانی کۆنفرانسەکەش ڕێزیان لێ نرا.

کێشەی ئافرەتەکەی سەر شەقامەکانی هەولێر چارەسەر دەکرێت



ماوەی چەند مانگێکە ئافرەتێک کێشەی هەبوو لەسەر شەقامەکانی هەولێر دەمایەوە و ئامادەش نەبوو بچێتە مالّی دالّدەدانی ئافرەتان و خانەی بەسالاچوان.

دوێنێ، یوسف چاوشین بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر گوتی، ئافرەتێک لە تەمەنی لە نێوان 25 بۆ30 ساڵ دەبێت و خەڵکی شارۆچکەی ڕانیەی دەڤەری ڕاپەڕینە و ماوەیەک بوو هاتبوو بۆ شاری هەولێر لەسەر شەقامەکان دەمایەوە نەخۆشی دەروونی هەبوو.

بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر ئاشکرای کرد، چەندین جار شوێنی مانەوەی بۆ دابینکرا لە مالّی دالّدەدانی ئافرەتان و مالّی بەسالاچوان لە شاری هەولێر ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم کەیسە هیچ پەیوەندی بەم دوو فەرمانگەیە نییە لە ڕووی یاساییەوە، بەڵام لە ڕووی مرۆییەوە دەتوانرا شوێنی بۆ دابین بکەین.

بەڕێوەبەری چاودێری و گەشپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر ئاماژەی دا، لەبەر ئەوەی نەجیبە نەخۆشی دەروونی هەبوو لەهیچ کام لەم فەرمانگانە نەدەمایەوە و هەولّی ڕاکردنی دەدا بۆ چەندین جار هێنرایەوە و ڕای دەکرد، چونکە باری دەروونی خراپ بوو پێویستیشی بە چاودێری دەروونی توند هەبوو.

ڕاشیگەیاند، لە دواین هەولّدا بە پەیوەندیکردن بە وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی بە نووسراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر ئەو ئەفرەتە بۆ نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی لە سلێمانی شەهلە سەعید ڕێکخەری ئۆفیس. لەدیدارێکی هاوبەشدا وێڕای دووپاتکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا، پلانی کاری هاوبەش لە نێوان یۆنامی و ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان گفتوگۆی لەبارەوکرا، سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندیان بە مافی ئافرەت و خێزانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.. هەروەها ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنان لە هەرێمی کوردستان لە نێردرا تاوەکو چارەسەری پێویستی بۆ دەکرێت.

جێگەی بیرهێنانەوەیە ئەو ئافرەتە چوار جار بۆ مالّی دالّدەدان و شەش جار بۆ خانەی بەسالاچوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر شوێنی بۆ کرایەوە، بەڵام ئامادە نەبوو بمێنێتەوە.

ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە یۆنامی و ئەنجوومەنی بالّای خانمان پلانی کاری هاوبەش دەخەنە بەرباس



پەخشان زەنگەنە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی بالّای کاروباری خانمان بەئامادەبوونی ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەن و فلۆرین گزرگیس بەڕێوەبەری گشتی دیوان و دلێر ئیبراهیم بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، پێشوازییان لە شاندێکی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە ئاژانسی یۆنامی کرد کە پێکهاتبوو لە یۆشیکۆ هاسۆمی بەڕێوەبەری ئۆفیسی مافی مرۆڤی ئاژانسەکە لە هەولێر و گشت بواڕەکاندا خرانە بەرباس.

خاتوو یۆشیکۆ دەستخۆشی لە کاروچالاکییەکانی ئەنجومەنی بالای خانمان کرد لە داڕشتنی هەردوو پلانی ستراتیژی گەشەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان و بەرنگاربوونەوەی تونددوتیژی.. لەتەوەرێکی تری دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر پلان و کارو چالاکی هاوبەش کرا، لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافی ئافرەتان و کچان بەتایبەتی.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان کاک فەرهاد عەونی و کاک ساسان عەونی

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو بەفرین عەونی-ی خوشکتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. لە خودای مەزن داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی خوشکتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵانی بەڕێز کاک فەرهاد عەونی و کاک ساسان عەونی

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو بەفرین عەونی-ی خوشکی بەڕێزتان. بەناوی خۆمان و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیمانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لەخودای گەورە داواکارین دواناخۆشی بنەماڵەکەتان بێت و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

برایانی بەڕێز کاک فەرهاد عەونی و کاک ساسان عەونی

بە خەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو بەفرین عەونی-ی خوشکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەین، لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی شاد بکات و سەبوری و ئارمی بە ئێوە و بنەماڵە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بۆ هارکارمان کاک خالید کۆچەر

بە خەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو فەریدە خدر-ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەین، لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی شاد بکات و سەبوری و ئارمی بە ئێوە و بنەماڵە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

تێبینی/ ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەیە لە مزگەوتی نانەکەلی لە هەولێر.

مديرية تنفيذ زاخو
العدد: ٦٦ /تنفيذ/ ٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٢/١٢
اعلان
قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع السيارة المرقمة (٣٠٢٨ دهوك / حمل) نوع (دير بيك اب دبل قمارة) لون (ابيض) موديل (٢٠٠٩) لقاء الدين الدائن (ابراهيم صديق مصطفى) البالغ (٨,٩٧٦,٠٠٠) ثمانية ملايين و تسعمائة وستة وسبعون الف دينار عراقي من ضمنها رسم التحصيل . فعلى الراغب بالشراء مراجعة مديرية التنفيذ زاخو خلال مدة (١٠) عشرة ايام تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من القيمة المقدرة البالغة (٦,٥٠٠ $) ستة الاف وخمسمائة دولار امريكي , علما ان رسم التسجيل والدلالية على المشتري.
المنفذ العدل / لقمان سامي جميل

***

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٩٨/ب/٢٠١٨
رێکەفت: ٢٠١٩/٢/٥
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٩٨/ب/٢٠١٨ ل ٢٠١٨/٦/١٢ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالە شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٣٩٦/٣٢ کەرتێ ٩١ جوار زاخو) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بو لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دەست پێدکت ژ روژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پکشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەد ملیون دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دیڤەن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادەر/ احمد حسن خلف
سەخلەت:-
خانیەك (غربی) دوو قات ل سەر ئاقاری هاتیە ئاڤاکرن قاتێ ئەردی پێکهاتیە ژ چار ژوورێت نڤستنێ و لینانگەهەك و هول و سەرشوو توالێت و قادرمە (دەرج) دچیتە قاتێ ئێکی کو پێکهاتیە ژ سێ ژوورێت نڤستنێ و سەرشوو و توالێت و قادرمە، و ئاقار ئاڤاکریە ژ بلوکا و چیمەنتویێ و داگرتیە ژ کونکریتی و ئاسنی و ئاقار دکەڤیتە ل سەر جادەکا سەرەکی ب پانی (٢٠م) ژلایێ روژئاڤا ڤە روویەرێ ئاقاری ٢٩٤م٢.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٨/٣٨٢٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٢
جاردان
ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردن ژمارە (٢٠١٨/٣٨٢٥) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (ئۆتۆمبێلی ژمارە ٣٣١٦٣٣) قەرزار (هێرش عمر قادر) بەبری (٢٠,٤٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە قرساوە وە بەڵێک زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (نسار عمر اسماعیل) کە برەکەی (٢٣,١٤٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێت کە (١٠٪) نرخی قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ٣٥٦١/ب/٢٠١٧/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (پترۆسکوب) بۆ بازرگانی گشتی سەرەرای کارەکەی
داواکار (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (HEB) سەرەراری کارەکەی) داوای ژمارە (٣٥٦١/ب/٢٠١٧/٢ لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە گەراندنەوەی بری (٢٦٤,٥٠٠)$ دوو سەدو شەست و چوار هەزار و پێنج سەد دۆلاری ئەمریکی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی ناز نستی) لە ٢٠١٩/١/٢٤ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٣/٣ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ١٨٤٩/ب/٢٠١٨/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١/٣١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (ئازادی بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) سەرەرای کارەکەی
داواکار (حقی اسماعیل حیدر) داوای ژمارە ١٨٤٩/ب/٢٠١٨/٢ لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە (تصفیە حسابات) کردنی کۆمپانیای ئازادی دانی بری (١,١٥٧,٢٨٨)$ یەک ملیۆن و سەدو پەنجا و حەوت هەزار و دوو سەدو هەشتا و هەشت دۆلاری ئەمریکی، سەرەتا بۆ دانی رسومات داوای (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی خانگاە) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٣/١٩ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێری و دارایی
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ٤٨٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٦
بۆ/ بەڕێز/ هێمن قادر صدیق/ فەرمانبەر بەناونیشانی (ی. تێبینەر)
ئاگادارکردنەوە
دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی بێ مووچە کە بۆ ماوەی ٣ سێ ساڵ وەرت گرتبوو لە (٢٠١٦/١/٢٤ تا ٢٠١٩/١/٢٤) لەبەر ئەوەی دەست بەکارنەبوویتەوە لە ٢٠١٩/١/٢٥ بۆیە ئاگاداری بەڕێزت دەکەینەوە دەبێت دەست بەکاربیتەوە لە ماوەی ٧ حەوت رۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستانیت و بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بەبەڵگە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی فەرمی بەپێچەوانەوە بەوازهێنەر دادەنرێت بەپێی یاسا و رێنماییەکان.
سامان عارب صادق
بەرێوەبەری گشتی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥٧٢٦/ش/٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٢/١٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ابراهیم انور اسماعل) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شیرین محمد اسماعیل) داوای ژمارە (٥٧٢٦/ش/٢٠١٨/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ باداوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٣/١٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دەستەی وەبەرهێنان
بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر
بەرێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری ئەندازیی
ژمارە: ٣١٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٣
بۆ/ وەبەرهێنەر (کۆمپانیای I KKC/ پرۆژەی گوندی کۆری)
ژمارەی تەلەفۆن (٠٧٥٠٤٤٥٢٥٦٨ – ٠٧٥٠٤٥٢٩٢٩٠)
ئاگادارکردنەوە
دوابەدوای داواکاریتان ژمارە (٣٩ لە ٢٠١٨/١٢/١٦) و نووسراومان ژمارە ٤٤٨٢ لە ٢٠١٨/١٢/١٩ سەبارەت بە ئەنجامدانی گۆرانکاری لە خانوەکانی پرۆژەکەتان لەلایەن خاوەنەکانیان و ئامازە بەنووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢٦٣/٥ لە ٢٠١٩/١/٢١) کە تیایدا پشتگیری ناوەرۆکی نووسراوی سەرەوەمان کراوە بۆ ئەم مەبەستە ئاگادارتان دەکەینەوە کە هەر هاوڵاتیەك هەڵدەستێت بەئەنجامدانی گۆرانکاری لە خانووەکەی بەبێ هەبوونی ڕەزامەندی فەرمی کۆمپانیاکەتان بەرپرس نییە لەچاکردنەوەی کەم و کوڕیەکانی ئەو خانوانە لە ماوەی چاککردنەوە بۆ ئاگاداریتان.
سامان عارب صادق
بەرێوەبەری گشتی

***

بەرێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی گرێبەستەگشتیەکان
ژمارە: ٢٢٢٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٥
جاردانی زیادکردنی ئاشکرا
ئامازە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی/ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ ب. مومتەلەکات ژمارە (١٣١٥٥) لە (٢٠١٨/١٢/٦) بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسایی فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەولەت ژمارە (٣٢) لە ١٩٨٦ لە کاتژمێر١٠ی سەر لەبەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠١٩/٢/٢٠) بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی لەکارکەوتووی تایبەت بە نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتیەکەمان لە جێگای خۆی هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە ئامادەبێت لە شوێن و کاتی ئامازە پێکراو لەسەرەوە لەگەڵ هێنانی بارمتەی یاسایی (٢٠٪) نرخی فرۆشتن تێ بینی: کریار پابەندە بەدانی (٢٪) نرخی پێشکەش کراو وەك کرێی راگەیاندن و خزمەتگوزاری و کەلوپەلەکە بگوازرێتەوە لەماوەی (١٠) رۆژ لە ئاگادارکردنەوەی بەبری کۆتایی لیژنەی فرۆشتن بەپێچەوانە کرێی لەسەر دەژمێردرێت بەبری ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار دینار لەبری هەر رۆژێك دواکەوتن.
دکتۆر / سامان حسین بەرزنجی
بەرێوەبەری گشتی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/٤١١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٢
ئاگاداری
بۆ/ ستار جمعه سایل
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بڕیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (موفق قرنی ملا) کە بڕی (١٢٥٦٠٠٠٠ + ٨١٥٠٠ اتعاب) دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٤٦٢/ش١/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو ڕێژین فاروق فائق
ئامازە بە داوای ژمارە (٤٦٢/ش/٢٠١٩/٢) کە تایبەتە بە داواکار (بوتان کریم صالح) وە داوالێکراو (ڕێژین فاروق فائق) کە لە داواکە داوای (مشاهدە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی ٥ی حصارۆك دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٣/١٨ کە خۆت ئامادەبێت یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٥٠٥/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (صبیح هاشم مهودر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شیماء عبدالوهاب عبدالله) داوای ژمارە ٥٠٥/ش/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردووە، کەتیایدا داوای (نفقەی عدة دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٥٠٧٨/ش/٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو ستار جمعه سایل شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٥٠٧٨/ش/٢٠١٨/٣ کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بریاریدا بە جیابوونەوە لە نێوان تۆو داواکار نازنین قرنی ملا لەسەرت تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر گەرەکی ١٥٩ گولان بۆیە بریاردرا بەپێ راگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنەبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

(گەرەکی نێرگز) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣/م/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١١
جاردان
بۆ داوالێکراو: جورج یوسف الیاس شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە
داواکار (جینیە بولس خدیدا) داوای ژمارە ٣/م/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری دەکات کە کاتی خۆی لەگەڵ تۆ ئەنجامی داوە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری عشتارو حدیاب لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٣/١٨ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نهاد صباح الدین علی

***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (زیر) للزیت الصناعیة و التجاریة المساهمه) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ احمدخان یاسین علی
ناونیشان/ هەولێر- پێنجی حسارۆك
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٢١٨٣٩٣

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٠٩١
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٢
بڕیار
ئامازە بەناوەڕۆکی بڕیاری ئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیای (زیر) للزیت الصناعیة و التجاریة المساهمه) راستێندراوە لە کونسلخانەی عێراق لە وولاتی (تورکیا) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١/١٥) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا وە دانانی بەرێز (احمدخان یاسین علی) وەك پاکتاوکار.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٩.
اراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٣٨٧
رێکەوت: ٢٠١٨/٤/١٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گرشین) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسرا لە بەرواری ٢٠١٨/٤/١٧
مافپەروەر/ دڵزار اسماعیل احمد
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب. مومتەلەکات
ژمارە: ١٠٩١
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٣
ئاگاداری
بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابووری نیازی فرۆشتنی کۆمەڵێك ئۆتۆمبێل و کەل و پەلی لەکارکەوتووی جۆراو جۆری هەیە بەزیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسایی فرۆشتن و بەکرێدانی مولك و سامانی دەولەت ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ی هەمواركراو لەبنکەی کۆکردنەوەی سەر بەرێوەبەرایەتیەکەمان لەناو بەرێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر جا هەر کەسێك ئارەزویی کرینی هەیە ئامادەبێت لە رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٧ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەپێی رێنماییەکانی دارایی.

١- پێشکەش کردنی بارمتەی یاسایی (تأمینات)
٢- دەتوانن ئەم ئۆتۆمبێلانە)بینن لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لەشوێنی ناوبراو لەسەرەوە.
٣- لەسەر کرێیارە (ئۆتۆمبێلەکان) لە ماوەی (٢) رۆژ هەڵگرێت و بەپێچەوانەوە رۆژانە (٥٠٠٠٠٠) دینار سزای دواکەوتنە.
٤- لەسەر کرێیارە ئۆتۆمبێلەکان لەماوەی (٢) مانگ لەسەر ناوی خۆی تۆمار بکات بەپێچەوانەوە خۆی بەرپرسیار دەبێت.
٥- کارەکانی فرۆشتن بەپارەی چاپی عیراقی بەشێوەی نەختینەیی (نقدی) وەردەگیرێت.
٦- وەرگرتنی رێژەی ٢٪ لەکۆی فرۆشتنەکە بەزیاد لەگەڵ پارەی رۆژنامە لەسەر کریارەدێت.
لیستی ئۆتۆمبێلەکان:
١- جۆری ئۆتۆمبێل/ تویوتا لاندگروز استیشن مۆدێل/ ٢٠١١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥/ پلان دانان تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٢- جۆری ئۆتۆمبێل/ هوندای پاص ٩ نفری، مۆدێل/ ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٠٥/ ئاوەدانکردنەوە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٣- جۆری ئۆتۆمبێل/ هوندای پاص ٩ نفری، مۆدێل/ ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٠٦/ ئاوەدانکردنەوە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٤- جۆری ئۆتۆمبێل/ هوندای پاص ٢٤ نفری، مۆدێل/ ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٠/ سەربەخۆی مافی مرۆڤ تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٥- جۆری ئۆتۆمبێل/ تویوتا لاندگروز استیشن، مۆدێل/ ٢٠٠٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧/ ئاوەدانکردنەوە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٦- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پاترۆل، مۆدێل/ ٢٠٠٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤/ پولیس تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٧- جۆری ئۆتۆمبێل/ تویوتا پرادۆ، مۆدێل/ ٢٠٠٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٢/ وەبەرهێنان تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٨- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پاترۆل استیشن، مۆدێل/ ٢٠٠١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٤/ پەروەردە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٩- جۆری ئۆتۆمبێل/ میسوبوشی مونتراستیشن، مۆدێل/ ٢٠٠٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٤/ پەروەردە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٠- جۆری ئۆتۆمبێل/ مرسیدس صالون، مۆدێل/ ١٩٩٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٩/ پەروەردە تێبینی/ بەتەفلیش دەفرۆشرێت
١١- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پیك اب تاك قەارە، مۆدێل/ ١٩٩٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٩/ پەروەردە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٢- جۆری ئۆتۆمبێل/سوپر سیدان صالون، مۆدێل/ ١٩٩٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٠٧/ پەروەردە تێبینی/ بەتەفنیش دەفرۆشرێت
١٣- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پاترۆل استیشن، مۆدێل/ ١٩٩٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٢٠/ پەروەردە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٤- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پاص ٢٥ نفری، مۆدێل/ ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٣٨/ پەروەردە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٥- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پاص، مۆدێل/ ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٦٤٠/ خویندنی بالا تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٦- جۆری ئۆتۆمبێل/ دایو پاص ٢٧ نفری، مۆدێل/ ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل:٦٤١/ خویندنی بالا تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٧- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان پاترۆل ، مۆدێل/ ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٨١/ پلاندانان تێبینی/ تۆمارەدکرێت
١٨- جۆری ئۆتۆمبێل/ نیسان کۆستر، مۆدێل/ ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤١/ داد تێبینی/ تۆمارناکرێت
١٩- جۆری ئۆتۆمبێل/ انترناشنال تانکر، مۆدێل/ ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٩/ بەرگری شارستانی تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٢٠- جۆری ئۆتۆمبێل/ هێنوسولەم، مۆدێل/ ١٩٨٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٩/ بەرگری شارستانی تێبینی/ بەتەفنیش دەفرۆشرێت
٢١- جۆری ئۆتۆمبێل/ دنیس حریق جبل کابینە تاك ویل، مۆدێل/ ١٩٨٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٣٨/ بەرگری شارستانی تێبینی/ بەتەفنیش دەفرۆشرێت
٢٢- جۆری ئۆتۆمبێل/ شوفرلیت پیکب دبل کابینە، مۆدێل/ ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٦/ بەرگری شارستانی تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٢٣- جۆری ئۆتۆمبێل/ تویتا پیکب دبل قەارە، مۆدێل/ ٢٠٠٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٣٢٣/ ئاوەدانکردنەوە تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٢٤- جۆری ئۆتۆمبێل/ هۆندا استیشن، مۆدێل/ ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤٢٢/ دارایی تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٢٥- جۆری ئۆتۆمبێل/ تویتا پرادۆ استیشن، مۆدێل/ ١٩٩٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٨٨/دارایی تێبینی/ تۆمارەدکرێت
٢٦- جۆری ئۆتۆمبێل/ تویوتا لاندکروز استیشن، مۆدێل/ ١٩٩٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٤٢/ دارایی تێبینی/ بەتەفنیش دەفرۆشرێت

رێباز محمد حملان
وەزیری دارایی و ئابووری

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٦٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت/٢٠١٩/٢/٦
ئاگەهداری
بۆ داواليكەراو (فرهاد رمضان طاهر) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (وفاء امین حبش) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وی ل سەری دیارکری دگەل بهایێ هاتیە دانان بو هەر ئێکێ ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سێ) رۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ رۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان وبو زانین رەسمێ لێ سەندنێ ودەلالیێ لسەر بکری نە
١-ناڤی ئامیری فارشە جور DYNAPAC رەنك کەسکی تاری بهای هاتیە دانان ب دینارى ٤٢٠٠٠٠٠٠
٢- ناڤی ئامیری فارشە جور SUPER رەنك کەسکی بهای هاتیە دانان ب دینارى ٤٢٠٠٠٠٠٠
٣- ناڤی ئامیری حادلە جور BOMAG BW٢١٦DH-٣ رەنك زەر بهای هاتیە دانان ب دینارى ٢٤٠٠٠٠٠٠
٤- ناڤی ئامیری حادلە جور SAKAI TS١٥٠ رەنك زەر بهای هاتیە دانان ب دینارى ٢١٦٠٠٠٠٠
٥- ناڤی ئامیری کاسحە (کسارە) جور INGERSOLLRAND ٢٠٠٠ رەنك سبی بهای هاتیە دانان ب دینارى ١٢٠٠٠٠٠٠٠
٦- ناڤی ئامیری شفل جور FH W١٩٠ رەنك برتقالی بهای هاتیە دانان ب دینارى ٢٤٦٠٠٠٠٠
٧- ناڤی ئامیری خزانا ئاڤی جور جیکرنا محلی (دریژاهی ٨ م خزانا وی ٢٣٠٠٠٠٠٠ لتر رەنك شین بهای هاتیە دانان ب دینارى ١٢٠٠٠٠٠

٨- ناڤی ئامیری خزانا ئاڤی جور جیکرنا محلی (دریژاهی ٦ م خزانا وی ١٧٠٠٠٠٠٠ لتر رەنك سبی بهای هاتیە دانان ب دینارى ١٠٨٠٠٠٠
٩- ناڤی ئامیری حادلە جور SAKAI رەنك زەر بهای هاتیە دانان ب دینارى ٢٢٠٠٠٠٠٠ کوژمی گشتی ٢٩٨,٤٨٠,٠٠٠
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلیمان خالد
***
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی
ژمارە : ١٨٢٩/ ش / ٢٠١٨
بەروار : ١٢ / ٢ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : ولات جعفر عزیز / ناونیشان/ سلێمانی - کەمپی باریکە
داوالەسەرکراو : دیاری جمیل ساروخان / ناونیشان/ سلێمانی - کەمپی باریکە
(ولات جعفر عزیز) داوایەکی بە ژمارە (١٨٢٩/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە کە تصدیق طلاق خارجی، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/٣/٦) سەعات (١٠:٠٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارێ نەتێرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / سۆران عمر مەحوی
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٣١٠
ریکەوت : ١١/ ٢/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (خاور مصطفی محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٢٦٨٣) داوای رێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٣١١
ریکەوت : ١١/ ٢/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (خاور مصطفی محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٢٦٨٣) داوای رێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٨٧٧/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بەختیار احمد حمەکریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەم دادگایە بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخوێیەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بێخاڵ محمد مصطفی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٤٣١/ج/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: جلال نادر قادر رسول
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٦ سەردەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون (غیابی) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ٤٣١/ج/٢٠١٥ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددەی ٤٣١ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سوك بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ لەگەڵ ئەژمارکردنی ماوەی راگرتنت لە ٢٠٠٢/٧/٢٥ تا ٢٠٠٢/٧/٢٦.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ کامل تۆفیق سعید
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٥٤/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٨/١٢/١٢
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (هیلان مهدی صالح سعدی)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/١١/١٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٥٤/ك/٢٠١٣ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی مادەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٦٠/ت/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هوراز رحمن حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣ بغاء) لەیاسای لەشفرۆشی بغاء لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٦٤/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٨/١٢/٢٤
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (احمد کامل سلمان یونس)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/١١/١٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٥٤/ك/٢٠١٣ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی مادەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٦٠/ت/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/١/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هوراز رحمن حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣ بغاء) لەیاسای لەشفرۆشی بغاء لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٦٤/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٨/١٢/٢٤
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (احمد کامل سلمان یونس)
کارکردن لەگەڵ هونەری ئاسندا ڕیگەو مەودای زۆری هەیە وە لە زۆر کاردا بەکار دێت وە بۆ زۆر بابەت بەکار دێت بۆیە ڕووبەرێکی پان و پۆڕی هەیە بۆ دیدەو خزمەت و جوانکاری و مانەوەو لێ تێگەیشتنی ئەو هونەرە، لەگەڵ ئەوەی کە میژوویەکی پتەوی هەیە، بەڵام کەمترین هونەرمەندی لە دەوری خۆیدا کۆ کردۆتەوە لە جیهاندا، ئەوەی هونەرمەندی شێوەکار هەیە وە ئەوەی هونەرمەندی بەشەکانی تری هونەری شێوەکاری هەیە ئەوەندە هونەرمەندی ئاسن نی یە، بۆیە کەمی دەست بردن بۆ پلێتەکان وە ئاسنەکان وای کردوە کە کەمتر دەربکەون لە جیهاندا، بەڵام بای ئەوەش هونەرمەندی جیهانی لێهاتوو لەم سەدەیەدا بەدەر دەکەون و کاری بێ سنووریان دروست کردوە لە پارک و دارستانەکان و پردە بەرزەکان و مۆڵەکان و ڕێگاو بانەکاندا، بەتایبەتی لەو وولاتانەی کە هیچ سنوریکیان بۆ پابەند بوون هێشتۆتەوە لە دونیای هونەردا.

سەرچاوەکان:

١.هونەرمەندی ناسراوی هۆڵەندی (مارتن قاسن)

٢.بیبلۆگرافیای هونەری ئاسن..

ئەو فیلمە سینەماییانەی سیناریۆکانیان لە قورئانی‌پیرۆزەوە وەرگیراون



حەیدەر عەبدولڕەحمان

تا ئێستا زۆر لەو فیلمە سینەماییانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو ئەمریکاوە دەربارەی ژیانی پێغەمبەرانەوە بەرهەم هێنداوون، سیناریۆکانیان لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون، لەوانەش فیلمەکانی محەمەد ڕەسوڵەڵا ، موسا ، ئەیوب، یەحیا ،یوسف، عیسا ،ئیبراهیم، حەزرەتی نوح، مەلیک سولەیمان، یونس پێغەمبەرو زۆری تریش، زۆربەی ئەو فیلمانە لەهۆلیوۆد و تاران بەرهەم هێندراون، هەندێکیان بە ئامانجێکی ئایینی و هەندێکی دیکە بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

سینەماو درامای ئێرانی لە سەردەمی ئەمڕۆکەدا بۆتە ڕکابەرێکی بە هێزی سینەمای جیهانیی، لە ڕووی تەوژمی سینەماو درامای توندو تیژو ئەکشن و فیلمی ئەلەکترۆنی و خەیاڵی زانستی، کە مەودایکی لەگەڵ پرسە مرۆیی و ئامانجەکانی مرۆڤ، زۆڕ لە دوای زۆڕ زێتر تەسکتر دەبێتەوە هەر ئەو ڕەوتە ئامێرییە توندو تیژەی سینەما لە ئەمریکاو زۆڕئاوادا وای کردووە سینەما ببێتە ئامرازێک لەئامرازەکانی تێکچوونی شیرازە پەروەردەیی و مرۆییەکان و بەجێ هێشتنی ئاسەوارێکی نەگەتیفانە بەسەر کۆمەڵگا ئەمریکی و ئەوروپییەکان و ئەو حاڵەتە دەروونییە ساردانەی کە ئەو کۆمەڵگایانە دووچاری چەندین گرفتی سایکۆلۆژی ئاڵۆز دەبەن، بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە دراماو سینەمایەی ئێران کە ئامانج دەخاتە سەرووی هەموو بنەماکانی تڕەو، دواتر هەموو دەسەڵاتە هونەرییەکان تەوزیف دەکات بۆ خزمەتی ئەو ئامانج، کە زۆربەیان پەیوەستن بە گەیاندنی پەیامەکانی مرۆڤکەیانەتی لە ڕێگەی دراماو سینەماوە و ڕۆژئاوادا بەرجەستە کردنی ئەو پەیامە پیرۆزانەو وەک خۆی، دوور لە لەکەدار کردن و شێواندنی،کە زۆر جاران بەرجەستە کردنی ئەو پەیامانە بە شۆڕشێک یان شەڕێکی گەورەو کاریگەری سارد هەژمار دەکرێت دژ بەوانەی دەیانەوێت وێنەیەکی ناشیرین بە بالای ئەو پەیامە پیرۆزەو پەیامبەرانی بگەیەنن، هەروەها ورۆژاندنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و دەست نیشانکردنی کێشەو ئاریشاکان و دانانی چارەسەری لە بار بۆ ئەو کێشانە..

فەرەجوڵا سلحشور دەرهێنەرێکی سینەماکاری ئێرانییە ، لە ڕێگەی زنجیرە دراماى (یوسفی ڕاستگۆ بوو بە دەرهێنەرێکی جیهانیی، فەرەج سالی 1952ژلە قەزوینی خۆر ئاوای ئێران لە دایک بووە، زۆربەی کارەکانی ستایلێکی ئایینی دەگرنە خۆیان،لەوانەش (ئەیوب پێغەمبەر) و پیاوانی ئەنجلوس.

ئەگەرچی زنجیرە دراماى یوسفی ڕاستگۆ بڕی تێچوونی لە نێوان 27تا 30ملیۆن دۆلاری بۆ مەزەندە کرابوو ،کەچی بەو گۆ دانەوەی لە بودجەی فیلمەکە کرا، بەرهەمەکە بە تەنها 7ملیۆن دۆلار بەرهەم هاتووە،ماوەی بەرهەمهێنانیشی 3سالی خایاندووە، زنجیرەکە بێ بەرامبەر لە 110وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی پەخش کراوە و وێستوومانە فیلمەکە وەک پەیامێکی پیرۆز بە دنیا بگەیەنین،لە رووی هونەرییشەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە ئەو کارە گەورەیە ببێتە هۆکار بۆ دوور کەوتنەوە لە زۆر بەرهەمی کرچو کاڵ کە لە هەندێ کەناڵدا پخش دەکرێت.

فەرەجوڵا بەرلە مانئاوایی کردنی رایگەیاند ئەو سەرقاڵی ئامادە کردنی چەند پرۆژەیەکی هونەرییە کە بە راوێژ لە گەڵ چەندین لایەنی پەیوەست دار بە ئەنجامیان دەگەیەنێت لەوانە فیلمێک لەمەڕ موسا پێغەمبەر د. خ ـ کە تێیدا 80ساڵ لە زەمەنی پێش هاتنی موسا پێغەمبەر لە ولاتی میسر،تا نەغرۆ بوونی فیرعەون،ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەشی لە سەرچاوە میژوویەکانەوە وەردەگرێ، سیناریۆی ئەو شاکارە تا ڕادەیەک جێ بە جێ کرا ،کە یەکێک بوو لەو کارانەی ماندوو بوونێکی ئیجگار زۆری دەویست وا پیشبینی دەکرا کە بە پێنج ساڵ تەواو بێت، 72 ئەلقەی دەگرتە خۆی،وا چاوەڕوان دەکرا لە ناوەڕاستی ساڵی نوێ دا دەست بە وێنەگرتنی بکرێت،وەک سلحشور رایگەیاندبوو ئەم بەرهەمە نوێیەی موسا پێغەمبەر(د.خ) بە بیست کەرەت لە بەرهەمی یوسفی ڕاستگۆ گەورەترە..

سەرەڕشتیاری گشتی تەلەفزۆیی ئێرانی - جەنگیز محەمەدیش لەم بارەیەوە گوتی: هەڵبژاردنی بابەتی موسا پێغەمبەر (د. خ) لە سەر ڕاسپاردەی ئیمام خامەنەئی بووە،کە پێی وابوو ئەم فیلمە دەبێتە هۆکار بۆ ڕاستکردنەوەی گەلێک لەو ڕاستییانەی پەردە پۆش کراون لەمەڕ ئەو سەردەمەو ئەو پەیامە پیرۆزەی موسا پێغەمبەر بەرجەستە دەکات .هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە حەزرەتی موسا ،بەڵام یەکێک لە ئاستەنگە هەرە گەورەکانی بەردەم دەرهێنەر دۆزینەوەی ئەو ئەکتەرەبووکە کەسایەتی موسا پێغەمبەر بەرجەستە دەکات هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە خولیای زۆرم هەبووە بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و چیرۆکە قورئانییەکانیش هەمیشە کاریگەربیان لە سەر هزرمدا بە جێ دەهێشت ,کە لە دنیادا کرد، بەمەش بۆشاییەکی گەورە لە سینەمای ئێرانی کەوت.

سلحشور سالی 1952 لە قەزوین لە دایک بووە، وەک دەرهێنەرو نووسەری سیناریۆ و هەڵبژاردنی بابەتی موسا پێغەمبەر (د. خ) لە سەر ڕاسپاردەی ئیمام خامەنەئی بووە،کە پێی وابوو ئەم فیلمە دەبێتە هۆکار بۆ ڕاستکردنەوەی گەلێک لەو ڕاستییانەی پەردە پۆش کراون لەمەڕ ئەو سەردەمەو ئەو پەیامە پیرۆزەی موسا پێغەمبەر بەرجەستە دەکات .هەروەها ئاماژەی پێکراوە.

وا بڕیار بوو دوای تەواو کردنی تێکستەکە بخرێتە بەردەم لیژنەیەک لە داناو زانا ئاینییەکان بۆ پێداچوونەوە.

دەرهێنەر دەڵێت سەرچاوەی ئارەزووم بۆ بەرجەستە کردنی چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز بۆ فیلم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من کە لە سەدا نەوەدو پێنج چیرۆک و ڕووداوەکانی زنجیرەکە لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە ،لەوانەش موعجیزاتەکانی حەزرەتی موسا لەوانەی لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە.

گەورەبووم و خزامە نێو هونەر ئەو چیرۆکانە زێتر بوونە جێگەی بایخ پێدانم ,بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە ئەو چیرۆکانە بخەینە نێو ی فیلمە سینەماییەکان و بۆ نەوەی ئێستاو ئایندەی بگێڕینەوە، ڕەنگە ئەم ئەرکە ئەرکێکی قورس بێت بەڵام ئێمە پشت بە پسپۆران دەبەستین و کارێک ناکەین بە ئارەزووی خۆمان .

بەڵام مەرگ مەودای نەدا ئەو ئاواتەی بێنێتە جێ و لەو ماوەیەدا لە تەمەنی 64ساڵی بە نەخۆشی شێرپەنجە مالئاوایی کرد،وە بۆتە دەگەڕێتەوە کە من ئەکتەر لە هەموو جیهاندا ناسراو بوو.

بە بۆنەی مالئاوایی کردنی (خامنەئی) بەیاننامەیەکی فەرمی بلاو کردەوەو لە دەست دانی ئەو کەڵە دەرهێنەرەی بە زیانێکی گەورە بۆ ولاتی ئێران زانی کەسنووری ولاتەکەی لە ناوداریەتی تێپەڕاند و پلەو پایەکی گەورەی لە جیهاندا بۆ سینەمای ئێرانی داگیر کرد،جگە لەو پەیامە پیرۆزەی ئەو دەرهێنەرە بە گەلانی جیهانیی گەیاند دەربارەی پێغەمبەرانی خواو چیرۆکەکانی ئەکتەر لە هەموو جیهاندا ناسراو بوو.

بە بۆنەی مالئاوایی کردنی (خامنەئی) بەیاننامەیەکی فەرمی بلاو کردەوەو لە دەست دانی ئەو کەڵە دەرهێنەرەی بە زیانێکی گەورە بۆ ولاتی ئێران زانی کەسنووری ولاتەکەی لە ناوداریەتی تێپەڕاند و پلەو پایەکی گەورەی لە جیهاندا بۆ سینەمای ئێرانی داگیر کرد،جگە لەو پەیامە پیرۆزەی ئەو دەرهێنەرە بە گەلانی جیهانیی گەیاند دەربارەی پێغەمبەرانی خواو چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز ..

سلحشور بەر لە مالئاوایی کردنی باسی دوا پرۆژەی خۆی کردووە بۆ ڕۆژنامە نووسان کە زنجیرە درامای (موسا پێغەمبەر) بووەو گوتی: زنجیرەکە 70ئەلقەیە، ئێمە تا ئێستا 13 ئەلقەمان لێی ئامادە کردووە، نزیکەی 50هەزار کەس لە فیلمەکەدا بەشدارە،4 هەزاریان کۆمبارسن،50 ئەکتەری سەرەکیمان هەیە ، بەڵام 300 ئەکتەر دیالۆگییان هەیە.

هەروەها سلحشور گوتی: بە زنجیرەی موسا گورزێکی گەورە لە هەندێ لایەن دەدەین،ئەوان کە زانییان ئێمە ڕاستییەکان ئاشکرا دەکەین پەلەیان کرد بۆ ئەوەی فیلمێک دەربارەی موسا بکەن بەو شیوەیەی کە ئەوان دەیانەویت وتێیدا ڕووی مێژوو بشێوێنن.

ئاژانسی میهری ئێرانی ڕاپۆرتێکی دەربارەی گیان لە دەست دانی سەلەحشور بلاو کردەوەو تێیدا گومانی لە مالئاوایی کردنی سلحشور کردووەو وای بۆ دەچێ،هەندێ لەوانەی دەیانزانی سلحشور سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمی موسایە بۆیە پیلانی ژەهر خواردنیان بۆی ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی ڕێ لە گەیاندنی هەندێ ڕاستی بگرن کە لە فیلمەکەدا وروژێندراوە.

تۆڕی تایناک بۆ هەواڵ دەڵێت: مالئاوایی سلحشور پڕ لە تەموومژە ،هەموو ئەو نیشانانەی دەوروبەری ئامادە بەوە دەکەن کە ئەو بە ژەهر کوژراوە نەک بە مردنی خۆی.

هەروەها مستەفا زەمانی دوای بیستنی هەواڵی مالئاوایی دەرهێنەری گەورەی ئێرانی سەلەحشور خەم و پەژارەیی خۆی نیشانداو گوتی: بەخشەشەکانی ئەو لە بواری سینەمای ئێرانی دا هەر بەنەمری دەمێنێتەوە.

ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستان

پێشمەرگەی هەولێر و دهۆک ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە

سبەی ئاراڕات میواندارێ زێرەڤانی دەکات





کارزان کانەبی

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی شازدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی دووەمی خولەکە بڕیارەئەمڕۆ پێنج شەمە و ڕۆژی هەینی حەوت یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، ئەمڕۆ پێنج شەمە لە پیرمام یانەی پێشمەرگەی هەولێری بریندار میوانداری یانەی دهۆکی بریندار دەکات کە هەفتەی ڕابردوو هەردوو یانەکە دووچاری شکست هاتبوون، بۆ ئەم یارییەش سەمیرباوۆ چاوەڕوانی قەرەبووکردنەوەدەکات لە یاریزانانی تیپەکەی بە پشت بەستن بە یاریگا و هاندەرانی بۆ سێ خاڵی یارییەکەش دەجەنگن لە بەهێزترین یاری ئەم هەفتەیە، دهۆکیش بە ئامانجی سێ خاڵی یارییەکە هاتوتە پارێزگای هەولێر و چاوی لەوەیە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنێت، هەردوو یانەش پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ سێ خاڵی یارییەکە،لە یاریگای یانەی شەقلاوەش یانەی برایەتی بەبێ ئامادەبوونی هاندەرانی ڕووبەڕووی یانەی گازی باکووری شاری کەرکووک دەبێتەوە بۆ ئەم یارییەش هەردوو تیپ چاویان لە ئەنجامی شایستەیە،لە شاری کەلاریش یانەی شێروانە میوانداری دەربەندیخان دەکات بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو تیپ ئامادەکارییەکی باشیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن لەم یارییەدا سێ خاڵی یارییەکە بۆ خۆیان یەک لای بکەنەوە،شێروانە پشت بە هاندەران و یاریگا دەبەستێت بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی هەفتەی ڕابردوو،دەربەندیخانیش بە وەرەوە بەرزەوە دەچێتە کەلار بۆ سێ خاڵی یارییەکە کە هەفتەی ڕابردوو لە پێشمەرگەی پێشەنگی یانەکانی بردۆتەوە، یانەی ئاکرێش لەسەر یاریگای خۆی و لە بەردەم هاندەرانی یانەکەی میواندارێ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکات، کە ئەم وەرزە هەردوو تیپ ئاستیان وەکو پێویست نییە بۆیە هەموو ئامادەکارییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و سێ خاڵی یارییەکەیە، سبەی هەینیش یانەی هەولێر لە سەر یاریگای دووەمی خۆی میواندارێ یانەی نەورۆز دەکات ئەم یارییەش بە یەکێک لە یارییە بەهێزەکان هەژماردەکرێ هەردوو یانەش هەموو پلانێکی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بکەنە دیاری هاندەرانیان، ئاراڕاتیش لەسەر یاریگای خۆی لە پیرمام لە یارییەکی بەهێزدا ڕووبەڕووی یانەی زێرەڤانی دەبێتەوە بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە چاویان لەوەیە سێ خاڵی یارییەکە دەستەبەر بکەن، ئاراڕات چاوی لەوەیە هەنگاو بۆ لوتکەی یانەکان بنێت، زێرەڤانیش دەیەوێت بە ئەنجامی باش بگەڕێتەوە دهۆک، یانەی زاخۆش لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی تیپەکەی میواندارێ یانەی هەندرێن دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو تیپ ئامادەکاری باشیان کردووە بۆ ئەوەی سێ خاڵی یارییەکە بەدەست بهێنن، سەرجەم یارییەکانیش لە کاتژمێر2,30دوای نیوەڕۆ بەڕێوەدەچێت.

1-پێشمەرگەی هەولێر29خاڵ
2-ئاراڕات 27خاڵ
3-نەورۆز24خاڵ
4-دهۆک 23خاڵ
5-زێرەڤانی22خاڵ

کاتی یارییەکان لە 90 خولەکەوە بۆ 60 خولەک

ئۆربلیۆ دی لۆرێنتیس، سەرۆکی یانەی ناپۆلی ئیتالی، پێشنیازێکی مشتومڕهێنی خستەڕوو، بە کەمکردنەوەی کاتی یارییەکانی تۆپی پێ لە 90 خولەکەوە بۆ 60 خولەک، لەتەک گۆڕینی هەندێ یاسای یارییەکە، بۆ نەهێشتنی وەرسی و بەخشینی جۆش و خرۆش بە هاندەران. لۆرێنتیس بۆ ڕۆژنامەی لۆ پاریزیانی فەرەنسی وتی:"تۆپی پێ پیشەسازییەکی گرنگە، دەبێت سەیری ئایندە بکرێت، چونکە یاریزانان ڕوو لە یارییەکانی قیدیۆ دەکەن". وتیشی:" دەبێت ئێستا پاشەکشە بکەین، بۆ ئەوەی تۆپی پێ وێران نەکەین، دوای 8 ساڵی دیکە، منداڵانی لەدایکبوو بۆ تۆپی پێ نیگەران نابن". سەرۆکی ناپۆلی وتیشی:"ئەوە هەڵەی ئێمەیە، نموونەیەکی کۆنین و یارییەکە وەرسکەرە، یارییەکانی تۆپی پێ درێژن و پاڵت پێوە دەنێن بخەویت، باشترە هەر گێمێک 30 خولەک بێت، ماوەی پشووی نێوانیشیان لە 3 خولەک زیاتر نەبێت، بێجگە لەوانە ڕاهێنەر سوودی چییە، هەموو ڕاهێنەران ئەنچیلوتی نین". هەروەها وتی:"دەبێت هەموو شتێک بگۆڕدرێت، لەبەرچی ئەوروپا ناگۆڕدرێت، پێویستە پاڵەوانیەتییەک هەبێت، باشترین 4تیپ لە ئیسپانیا، ئینگلتەرا، ئیتالیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا کۆ بکاتەوە ، لە شوێنی چامپیۆنسلیگ، یەک قۆناخ بێت و تیرۆپشک ڕووبەڕووبووەکان دیاری بکات، ڕۆژانی سێشەمە، چوارشەمە و پێنجشەمە بکرێت، خولەکانی ناوخۆیش ڕۆژانی شەمە، یەکشەمە و دووشەمە بکرێت".

ڕەمزی میرەکانی

کێشەیەکی تازە کەوتە نێوان ساری و یاریزانانی چێلسی



هێشتا کارەساتەکانی چێلسی بەردەوامن، دوای ئەو شکستە گەورەیەی یانەی لەندەنی بەرامبەر یانەی مان سیتی بە ئەنجامی 6گۆڵی بێ وەڵام، لەگەڕی 27ی خولی پریمێرلیگ، ڕۆژنامەی (تلیگراف)ی ئینگلیزی ئاماژەی بەوەکرد کە تووڕەییەکی زۆر لەنێوان یاریزانانی چێلسی هەیە، بەهۆی موکڕی ڕاهێنەری ئیتالی ماوریسیۆ ساری ڕاهێنەری تیپەکە، لەسەر جگەرەکێشان و دەستەی یارمەتیدەر لەمیانی مەشقەکانیان. ڕۆژنامەکە دەڵێت: کێشەی جگەرەکێشان میحوەرێکی سەرەکی گفتوگۆی یاریزانانی چێلسی بووە لەڕووری جل گۆڕین لەدوای ئەو شکستە گەورەیەیان بەرامبەر مان سیتی، دەڵێت: یاریزانان دڵخۆش نین بەموکڕی ساری لەسەر ئەنجامدانی مەشقەکانی 3ی ئێوارەی هەموو ڕۆژێک، دوای ئەوەی مەشقەکانی بەیانیان لەگەڵ ڕاهێنەرانی تر ئەنجام دەدەن. لەگەڵ ئەوەی ساری لە دووشەمەی ڕابردوو بەیانییەکەی زوو بانگهێشتی یاریزانانی کرد لەدوای شکستەکەی سیتی. ڕۆژنامەکە دەڵێت یاریزانان تووڕەیی خۆیان بەرامبەر داواکارییەکانی ساری تەکتیکی دەربڕیوە، لەگەڵ ئەوەی هەست شڵەژان و ماندووبوونی بەشە مەشقە تونەدکانی دەکەن کە لەهەموو ڕۆژێکدا ئەنجامی دەدات. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە ساری داوای لە ئیدارەی چێلسی کردووە لەلایەن یاریزانانەوە پاڵپشتیان بکات، یاخود لە کارەکەی دووری بخەنەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/2/14 ژمارە (5694)
خەبات



ئۆساکا هاتەوە پێشەنگ

کچە یاریزانی ژاپۆنی ناعۆمی ئۆساکا پارێزگاری لە پێشەنگی ریزبەندی کچە یاریزانە پیشەگەرەکانی تۆپی زەرد کرد، کە بۆ هەفتەی دووەمی مانگی شوباتی 2019بڵاوکرایەوە، هەروەها هەر هەموو یاریزانەکانی 10پلەی پێشەوە پارێزگاریان لە شوێنەکانیان کرد، ئۆساکا توانی بەکۆکردنەوەی 7030خاڵ پارێزگاری لەپێشەنگ بکات، بەرامبەر بە 5920خاڵ بۆ پیترا کیڤتۆڤای چیکی لەپلەی دووەم و 5582خاڵ بۆ سیمۆنا هالیپی خاوەن پلەی سێیەم. ریزبەندی پلەی چوارەم تا پلەی دەیەمیش بەمشێوەیە بوو:
(سلۆن ستیڤانز، کارۆلینا بلیسکۆڤا، ئانگلیک کێرپەر، ئیلینا سڤیتۆلینا، کیکی پیرتنەر، ئارینا سابلینکا، کارۆلینا ڤۆزنیاکی).

ئەلبیرتۆ یارییەکەی ئەمشەوی ئیشبیلیە ئامادەیە



سیمیۆنی ئینزاگی راهێنەری یانەی لازیۆی ئیتالی ئاشکرای کرد، کە رەنگە هەردوو ئەستێرەی ئیسپانی بەشداری یارییەکەی ئەمشەوی خولی یۆرۆ لیگ بەرامبەر ئیشبیلیە بکەن. ئەمشەو یانەی لازیۆ لەسەر یاریگای (ئۆلۆمپیکۆ) لەچوارچێوەی قۆناغی 32ی خولی یۆرۆ لیگ رووبەڕووی ئیشبیلیە دەبێتەوە. هەردوو یاریزانی ئەندەلووسی لەیاری رابردووی لازیۆ بەرامبەر فرۆزینۆنی لەدووشەمەی رابردوو کە بەسەرکەوتنی لازیۆ بەگۆلێکی بێ وەلام کۆتایی هات بەهۆی ئازاری ماسولکەوە یاریگایان جێهێشت. ئینزاگی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەر لەیاری ئیمپۆلی گوتی: چاودێری رەوشی تەندروستی هەردوو یاریزان لوبس ئەلبێرتۆ و ئیمۆبیلی دەکەین و پاشان بڕیاری کۆتایی دەدەین، هەرچەندە بینیمان رەوشەکەیان باش بوو، بەڵام تا لەناو یاریگا نەبیندرێن بڕیارەکە یەکلایی نابێتەوە. هەروەها ئینزاگی گوتی: بەهۆی یارییە یەک لەدوای یەکەکان، پێویستە پشوو بدرێن و چاودێری رەوشیان بکرێت لەمیانی مەشقەکانیان. هەروەها سیمیۆنی گەشبینی خۆی سەبارەت بەبەشداریکردنی هێرشبەری ئەرژەنتینی خواکین کۆریا دەربڕی، دوای ئەوەی یاریزانی پێشووی ئیشبیلیە بەشداری یاری فرۆزینۆنی نەکرد بەهۆی ئازاری ماسولکەکانی.

بەر لەدەستپێکردنی ئۆلۆمپیادی تۆکیۆ

کچە مەلەزانێکی ژاپۆنی تووشی شێرپەنجەی خوێن بوو



کچە مەلەزان ریکاکۆ ئیکی ئاشکرای کرد کە تووشی شێرپەنجەی خوێن بووە، کە هیوای ژاپۆنیەکان بووە بەر لەدەستپێکی ئۆلۆمپیادی ژاپۆنی 2020.ئیکی نازناوی باشترین کچە مەلەزانی ژاپۆنی لەساڵی رابردوو پێدرا، دوای ئەو ئاستە بەرزەی لە یارییەکانی ئاسیا لەجاکارتا پێشکەشی کردو بووە یەکەمین کچە یاریزان لەیەک پاڵەوانێتیدا 6میدالیای زێڕ بەدەست بێنێت. تەنها سۆی جین-مانی کۆریای باشوور کچە یاریزانی هاوێشتنی رم پێش ئیکی سۆی دەکەوێت کە توانی 7میدالیای زێڕ و یەک زیو لەساڵی 1982لەخولی نیودلهی بەدەست بێنێت، بەڵام ئیکی تەمەن 18ساڵ ژمارەی پێوانەیی یەکسان کردەوە دوای ئەوەی کۆی میدالیاکانی 8میدالیا بوو، دوای ئەوەی دوو زیوو 6زێڕی بەدەستهێنا، ئیکی لە تویتەر گوتی: هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر کردو یەکسەر ئوسترالیام بەرەو ژاپۆن جێهێشتن، چەندین پشکنینی پزیشکم ئەنجامداو دەرکەوت کە تووشی شێرپەنجەی خوێن بووم، باوەڕناکەم ئەوەی رووبداوە، هەست بە شڵەژان دەکەم، بەڵام باوەڕم وایە بە وەرگرتنی چارەسەرییەکان چاک ببمەوە. بەهۆی ئەم نەخۆشییەی کچە ژاپۆنی پاڵوانی لاوان لە پێشبڕکێی 50مەتری سەربەست و 50مەتری پەپولەو 100مەتری پەپولە بێبەش دەبێت کە لەپاڵەوانێتی جیهانی گەوران لەکۆریای باشوور لەناوەڕاستی ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت. ئیکی دەڵێت: خێراترین ژمارەم لە پێشبڕکێی 100مەتری پەپولە و دووەمین خێراترین ژمارەم لە 50مەترسی پەپولە لەساڵی رابردوو تۆمارکرد، ئەمەش لەپاڵاوتنەکانی ژاپۆن بۆ مەلەوانی بەشداری ناکات، بەهۆی وەرگرتنی چارەسەرییەکانی، ناوبراو دەڵێت: هەوڵدەدەم پشوو بدەم بۆ ئەوەی بتوانم چارەسەرییەکانم بەدروستی وەربگرم و بتوانم بەرامبەر ئەم پەتایە کوشندەیە خۆراگر بم.

نەهز روستایی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 14. Feb. 2019 No: (5694)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ئێستاش لە ئەوروپا و جیهاندا کەم کەس لە هونەرمەندان لە تابڵۆکانیاندا کاری ئاوی بەکاردەهێنن

وەرزێک لە کارە هونەرییە ئاوییەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەیسەڵ عوسمان



ناشتی گەرمیانی-هۆڵەندا

وەرزێکی جوان و ئاوی، سروشتێکی دڵڕفێن لە چاوو دیدەی هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونەوە هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەیسەڵ عوسمان کە لە شاری هەولێر لەدایکبووە ، لەساڵی 1986پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدای تەواو کردووە ، بێگومان قۆناغی ڕیالیستی وە سروشتی ڕۆمانتیکی سەرەنجی هونەرمەندی ڕاکێشاوە بە تایبەتی سروشتی جوانی کوردستان و ئاو هەواکەی، جوانییەکانی سروشت زۆرن وکەلتوری کوردیش دەوڵەمەندە، کە هەر ئەو جوانیی و کەلتوور و ژیانی ڕۆژانەیەیە کە هێڵکاری و کاری ئاوی خامەی هونەرمەند بووە. ئەگەر بە قۆناغ و بە جیاوازی توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا وەکو مامۆستایەکی شارەزاو لێهاتوو توانی لەلایەک قوتابیانی پێ بگەیەنێت و لەلایەک هونەر ڕەنگینی بەکەرەستەی ئاوی بخاتە پێش بینەرەکانی، ئەزموونی مامۆستا فەیسەڵ زۆر گۆڕان کاری بەسەرداهاتووە چ لە ساڵانی هەشتاکان وە چ لە نەوەتەکان دواتر ئەم سەدەیەی کە ئێستا ڕووبەری کارەکانی بەتەواوەتی گرتۆتەوە و هەستەکانی بەرەو ئەو جوانیانە دەڕۆن کە لە چاویدا بەدەر دەکەوێت، کارەکتەری مامەڵە کردن لەگەڵ سروشتی جوانی کوردستان هەموو ئەو ئاسمانەیە کە جارێک پاسکیل و جارێک باران و چەتر و ڕێگاو ماڵان و گوڵ ..لەم وەرزەیدا پەی بۆ کۆمەڵە کارێکی هونەری بردووە کە بۆ چاوی بینەر فێنک کەرەوەی مێشکە ، بەواتای ئەوەی هونەرمەند فەیسەڵ عوسمان لە ماوەی ڕابردوودا کاری لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن دیواری جەنجاڵی و هەورە ڕەشەکان سپی بکاتەوە و سروشتێکی فێنک وئارام بۆ بینەرەکانی دروست بکات ، ئەویش بە کاری هونەری ڕەنگی ئاوی کە کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە ، چونکەئێستاش لە ئەوروپا و جیهاندا کەم کەس لە هونەرمەندان لە تابڵۆکانیاندا کاری ئاوی بەکاردەهێنن، کەم لەپێشانگاکان کاری زۆرینەی هونەری ئاوی لە خۆ بگرێت. بۆیە لە کارە هونەریەکانی هونەرمەندا چەند ڕوانگەیەکی هەیە وەکو هاتنەوەی هونەری ئاوی وڕەنگ وە ڕیبازی ڕیالیستی وەکو قوتابخانەیەکی زیندوو لە قوتابخانە هونەریەکانی جیهاندا ، بێجگە لەوەی کە کاریگەری باری دەروونی ڕەنگە فێنکەکان لە سەر هونەرمەندان و بینەران کە ئەمە خاڵێکی گرنگە لە نێو کۆمەڵگاکادا نەک پەنا بۆ کاری ڕەش و مردوو کە ڕەنگ دانەوەی جەنجاڵی ژیانێکی تاڵەکە. تاقیکردنەوەکانی هونەرمەند لە سەدەی ڕابردوودا و لەئەزموونی هونەرمەندی شێوەکار فەیسەڵ عوسماندا ئەوە دەخاتەڕوو کە هەردەم ڕیالیستی و سروشت و زستان و فێنکی پۆرتریت ببێتە هەوێنی کارەکانی ، لەگەڵ ئەوەی هەڵگری مۆرکی کوردەواری کە بابەتەکان هەڵقوواڵاوی ناو گوند و سروشتی کوردستانن ، لەگەل ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کە چۆن دەژیت وە چی لەبەر دەکەن ! ئەوەی لە جیهانی دەرەوەی کوردستانیش کە دەگوزەرێت هەر ئەو سروشتەیە وە هەر ئەو ماتریالەیە کە هونەرمەندانی تر بەکاری دەهێنن بەڵام ئەزموون گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هونەرمەندو ناسنامەی کەسایەتی یە ، ئەوەش وای کردوە فۆرم بۆنی وون بوون لە خۆ بگرێت لە وواڵتانی جیهاندا ، ئەوەی جێگای سەرەنج دەبێت تەنها جوانی ڕەنگ وە ئاوی ڕوون و دیسانەوە هەر ڕەنگ.

لە ئێستای هونەری شێوەکاری کوردیدا ئەوەندەی فۆرم و قوتابخانە جیاوازەکان زاڵن کەمتر ڕیالیستی و کەمتر سروشت دەبینرێت لە نێو پێشانگاکاندا ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باروو ژیانی کۆمەڵان ئەوەندە نی یە کە مرۆڤ دوای سەرئێشە گوێ لە سەر ئێشە بگرێت ، لە پیشانگایەکی هونەرمەندانی هۆڵەندی وبەڵجیکیدا کە پتر لە 200هونەرمەندی شێوەکار بەشدار بوون لەکۆی پتر لە 500کاری هونەری جیاجیا تەنها دوو یان سێ هونەرمەنم بینی کە کاری هونەری ئاوی دروست بکەن و نمایشی بکەن ، ئەوەش ئەوە دەر دەخات کارێکی ئاوها هەوڵ و کۆششی زۆری دەوێت .

هونەرمەند فەیسەڵ عوسمان ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراقە و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و عێراقە و ئەندامی کۆمەڵی ڕەنگی ئاوی جیهانییە، لە زۆربەی چالاکییە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کوردستان ئەندامە لە زۆربەی سەندیکاو ڕێکخراوە هونەریەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان وە هونەرمەندێکی چالاکە لەو بوارەدا بۆ بەشداری کردن و چوونە دەرەوەی وواڵات بۆ ناساندنی هونەری وە کەلتووری کوردی بە جیهان و وواڵاتانی خۆرئاوای ئاسیا و بێگومان لەکوردستانیش مامۆستا فەیسەڵ کەسایەتیەکی ناسراوی نێو هونەری شیوەکاری یە وە شارەزایە لە بواری پەردوەردەیی دا.

خولیای ئەوەیە کە جیهان بە پێنووس ڕووناک بکاتەوە



دیمانە: موسلیم دۆڵەمەری

باریزان

زۆرن ئەوانەی کە خولیا و حەزێکی تایبەت و سەیریان هەیە لەوانەش عەزیز عەزیز کە هاووڵاتییەکی دەڤەری بارزانەو ماوەی زیاترە لە حەوت ساڵە هەموو سەری ساڵێک لەسەر حسابی خۆی بە سەدان قەڵەم بە سەر فەرمانگە و هاووڵاتیاندا دابەشدەکات جگە لەوەی چەندین حەزو خولیای سەیری تری هەیە وەک خۆی تایبەت بۆ (خەبات)

باسیکردو گوتی: من عەزیز عە زیزی تەمەن 49 ساڵ دانیشتووی گوندی پیرە ساڵی سەر بە ناحیەی بارزان من چند حەزو ئارەزووی تایبەتی خۆم هەیە کە هەر لە منداڵیەوە خولیای هەندێ شت بوومەو تاکو ئێستاش هەر بەر دەوامم، لەوانە من ساڵانە چەندین دەفتەری تایبەت دەکەمەوە کە هەر یەکەو ڕەنگێکن هەر ڕەنگەو تایبەتە بۆ ڕووداوێکی جیهانی و هەرێمی دەڤەری بارزانیش بە تایبەتی کە هەر ڕووداوێک یان مرۆڤێک یان لە دایکبوونێک یان مەراسیمێک یان هەر شتێک لە دەڤەری بارزان ڕووبدات ڕۆژو بەروارو ناوەڕۆکی بابەتەکە دەنووسم بەمەش ئەرشیفێکی زۆری دەقیقی زۆربەی ڕووداوەکانی جیهانی و عێراقی و هەرێمیشم لەلایە زۆر جار هەبووە زۆر کەس پێویستی بە ڕووداوێک هەبووە تەنها ساڵەکەم پێبڵێ یەکسەر بۆیان دەردەخەم و زۆر کەسیش سوودی لێوەرگرتووە، بەڵام ئەوەی کەمێک بۆ من ئەستەمە ئەوەیە کە خۆم خوێندەوارم نییە، بۆیە دەبێت هەموو جارێک لە مالەوە منالەکانم یان برادەرێک یان خزمێک، یاداشتەکانم بۆ بنووسێت ئەگەر خۆم خوێندەوارم هەبوایە شتی باشترو خزمەتی زیاترم دەکرد، هەر لەبەر ئەوەیە کە خۆم خوێندەوار نەبووم و وەکو کوێرێکم لە ژیان ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵە خولیای ئەوە بوومە کە جیهان بە پێنووس ڕووناک بکەمەوە بۆیە هەموو سەری ساڵێک لەسەر حسابی خۆم بە سەدان قەڵەم دەکڕم و بەسەر کارمەندانی دائیرەکان و مامۆستایان و دوکانداران و بگرە هاوڵاتیانیش دابەشدەکەم بۆ ئەوەی میللەتەکەمان خولیای خوێندن و زانست و زانیاریان زیاتر بێت کە هەندێجاریش دەفتەر و سجلی جۆراوجۆریش دابەشدەکەم، بەو هیوایەی بە حەزەکانم بتوانم خزمەتێکی بچووک بە گەل و نیشتمانەکەم بکەم.

چاپکراوی نوێ



خوێندنەوەی شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

کتێبی (خوێندنەوەی شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) لە بەرگێکی جوان و بە قەبارەی مام ناوەندی و 304لاپەڕە، لە نووسینی هاوکارمان جەمال گردەسۆری کەوتە بەردیدی خوێنەران، کە 10بابەت لەخۆ دەگرێت، شاخەوان جەعفەر نەخشەسازی ناوەڕۆک و بەرگی بۆ کردووە، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

کۆڕێکی ئەدەبی لە زانکۆی سەلاحەددین



کۆڵیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، ڕۆژی سێ شەمە کۆڕێکی ڕۆشنبیری بە ناونیشانی (نووسین بە زیاتر لە زارێک) لە هۆڵی یەعقوبی سازکرد، هەر لەو کۆڕەدا مامۆستا سامان و خاتوو نەسرین تەنیا بە خوێندنەوەی چەند تێکستێکی شیعری بەشداریان لە کۆڕەکەدا کرد. جێی ئاماژەیە، هەر لە کۆڕەکەدا دوو بەرهەمی دوو بەرهەمی شیعری پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.



نرخی یەک قاوە خواردنەوە لەگەڵ ئیڤانکای کچی دۆنالد ترامپ نرخەکەی 17500 دۆلاری پێویستە، واتا ئەگەر بتەوێ قاوەیەکی لەگەڵ بخۆیتەوە دەبێت دەفتەرێک و 75 وەرەقە دابنێیت!!

لاپتۆپێک لەناو ئاویشدا کار دەکات



کۆمپانیای Raytheonی ئەمریکی لەمیانی پیشانگەی China Joy تەکنیکیدا، لاپتۆپێکی نوێی ئاشکراکرد کەبەرگەی تەڕبوون و تەپوتۆز دەگرێت. لاپتۆپە نوێیەکە بە Unciaناسراوە کەپەیکەرێکی بەهێزی هەیە بەئەستوری ١٢,٧ ملیمەتر و کێشی ١,١ کیلۆگرام و پشت بەستووە بەپێودانگەکانی IP ٦٨ واتە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر ئاودا کاردەکات. شاشەیەکی ١٣ ئینچ و پرۆسێسەری ئینتڵ کۆر ئای سێڤنی هەیە و ئەدای خێرایە و لەرەلەری ٤ هەزار میگاهێرتزە و ڕامەکەی ٨ گیگابایتە.